# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی رەسمی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٢٢٣) ساڵی حەڤدەم ١٩ / نیسان/ ٢٠١٨ زاینیی ٣٠ / نەورۆز/ ٢٧١٨کوردی ٣/ شەعبان/ ١٤٣٩ کۆچی

223

لەم ژمارەیەدا :

پەیڕەوی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٨ دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لا ١

پەیڕەوی ناوخۆی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ

ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٨ وەزارەتی کارەبا لا ١٤

ڕێنمایی و مەرجەکانی پێدانی ووزەی کارەبا

ناونیشان: هەولێر - چوار ڕیانی فرنسۆ میتران باڵەخانەی وەزارەتی داد.

☎: (٢٢٤٥٥٠٨-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٨)

http//: www.moj.gov.krd

dad@moj.gov.krd

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٢٢٣) السنة السابعة عشرة ١٩/ نيسان/ ٢٠١٨ ميلادي ٣٠/ نەوروز / ٢٧١٨كوردي ٣/ شعبان /١٤٣٩هجري

223

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region, Publishing by Ministry of Justice

**في هذا العدد:**

فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط

نظام رقم (١) لسنة ٢٠١٨ الهيئة المستقلة لحقوق الأنسان ص ١

تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠١٨ وزارة الكهرباء ص ١٤

No. 223 Date : April , 19 , 2018 Vol.: 17

چاپخانەی شەهاب هەولێر

http//: www.moj.gov.krd
dad@moj.gov.krd

العنوان : اربيل- تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل

☎: (٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)

**دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ**

**ژمارەی: ( ٣٤٨ ) لە ٢٠١٨/٤/٣**

**پاڵپشت بەحوکمی ماددەی یازدەم لە یاسای دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لەهەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٠ یاسای دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ بریارماندا بەدەرکردنی پەیڕەوی ناوخۆی دەستە:**

## پەیرەوی ژمارە ( ١ )ی ساڵی ٢٠١٨

## پەیڕەوی ناوخۆیی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ

### فەسڵی یەکەم :

### ئامانجەکانی دەستە وئەرك ودەسەڵاتەکانی

**ماددەی ( ١ ): ئەم زاراوە ودەستەواژانەی خوارەوە ، ماناکانی بەرامبەریان دەبەخشن بۆ مەبەستی ئەم پەیڕەوی ناوخۆییە :**

**هەرێم : هەرێمی کوردستان – عێراق**

**پەرلەمان : پەرلەمانی هەرێمی کوردستان - عێراق**

**دەستە : دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان – عێراق**

**سەرۆکی دەستە : سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان – عێراق**

**ئەنجومەنی دەستە : ئەنجومەنی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ**

**ئەنجومەنی کارگێری : ئەنجومەنی کارگێری دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ**

**یاسای دەستە : یاسای دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٠**

**نووسینگەی مافی مرۆڤ : نووسینگەی مافی مرۆڤ لە پارێزگا و شار وشارۆچکەکان .**

**ماددەی ( ٢ ): ئامانجی دەستە بەدیهێنانی ئەمانەی خوارەوەیە :**

**یەکەم : پارێزگارکردن لە مافەکانی مرۆڤ وپتەوکردنی و داکۆکی کردن لێی لە هەموو لایەنەکانەوە بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان .**

**دووەم : بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری مافەکانی مرۆڤ.**

**ماددەی ( ٣ ) : دەستە کار دەکات بۆ باشکردنی ڕەوشی مافی مرۆڤ لەرێگەی هەڵسان بەم ئەرکانەی خوارەوە :**

**یەکەم : راوێژی خوی سەبارەت بە مەسەلەکانی پەیوەست بە مافی مرۆڤ پێشکەش دەکات و راسپاردە بۆ وەزارەتەکان و دەزگا پەیوەندارەکان لەهەرێم بەرز دەکاتەوە .**

**دووەم : لەرێگای چەسپاندنی بەهای لێبوردەیی و ماناکانی هاوکاری کۆمەڵایەتییەوە ، رۆشنبیری مافی مرۆڤ و مەسەلەکانی ژنان ومنداڵان بڵاو دەکاتەوە .**

سێیەم : چاودێری گونجانی یاساکاری هەرێم ، لەگەڵ پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ ئازادییە سەرەکییەکان و، پێشکەش کردنی پێشنیاز لە بارەیەوە بۆ لایەنە پەیوەندارەکان دەکات .

چوارەم : هەڵسەنگاندنی پلەی پابەندبونی دەسەڵاتەکان لە هەرێمدا ، بەحوکمەکانی بەڵگەنامە و بەندە تایبەتەکانی مافی مرۆڤ و هەردوو پەیمانە نێودەوڵەتیەکان تایبەت بەمافەکانی مەدەنی وسیاسی و مافە ئابوری وکۆمەڵایەتی و رۆشنبیریەکان ، لەگەڵ دەرخستنی ئەو پێشێلکارییانەی کە دوور نییە بەهۆی مومارەسەی دەسەڵاتەکانی هەرێمەوە پەیدا بن .

پێنجەم : ئامادەکردنی لێکۆلینەوە وتوێژینەوەی خولاو وخول و دەرچواندنی بڵاوکراوە وچاپەمەنی دەربارەی رێگاکانی باشترکردنی مافی مرۆڤ لەهەرێمدا لەگەڵ بەستنی کۆڕ وکۆبونەوەی تایبەت لەبارەی مەسەلەی مافەکانی مرۆڤ .

شەشەم : سەردان و چاودێری کردنی بەندیخانەکان و بەرێوەبەرایەتیەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتی و دەست بەسەر و بنکەکانی لێکۆلینەوە و ئامادەکردنی ڕاپۆرتی خولاو خول دەربارەی بەندییەکان و سپێردراوان بەچاکسازی کۆمەڵایەتی و دەست بەسەران.

حەوتەم : وەرگرتنی سکاڵا لەخەڵك وکۆمەڵە و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەبارەی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و دڵنیا بوون لە راستییان و ئاگاداری داواکاری گشتی بۆ گرتنەبەری رێکاری یاسایی و بەدواداچوون بۆ ئەنجامەکان دەکات .

هەشتەم : هاوکاری لەگەڵ رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و رێکخراوەکانی دیکەی کۆمەلگای مەدەنی دەکات لەهەرێم و دەرەوەی هەرێمیش ، هەروەها لەگەڵ کۆمەڵە هزری وئابوری و کۆمەڵایەتییەکانیشدا و، ئەلقەی لێتوێژینەوەش لەگەڵ هاولاتییان لەهەرێمدا بە جۆرێك رێك دەخات ، کە رۆشنبیری پابەندبوون بە بەندە یاساییەکان و رێککەوتنە نێودەوڵەتیەکانی مەسەلەکانی مافی مرۆڤەوە زامن بکات ، لەپێناو سەروەری یاسا و رێزگرتنی مافەکانی مرۆڤدا .

نۆیەم : لەگەڵ رێکخراوە تایبەتمەندەکان بە مەسەلەی مافی مرۆڤ و لایەنە پەیوەندارەکانی دیکەدا هاوکاری و هاودەنگی دەکات بە ئامانجی نوێنەرایەتی کردنی هەرێمی کوردستان لەکۆبونەوەو کۆنگرەکانی تایبەت بەمافی مرۆڤ.

دەیەم :

أ- راپۆرتی ساڵانە ئامادە دەکات بۆ دەرخستنی رووی راستەقینەی واقیعی مافی مرۆڤ لەهەرێمداو بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان وسەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران وسەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەری ولایەنە پەیوەندیدارەکان بەرز دەکاتەوە ، لەگەڵ پیشاندانی راسپاردەی بەکردار بۆ پاراستن وبەهێزکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان .

ب- راپۆرتی خولاو خول لەبارەی مافی مرۆڤ بە پەرلەمانی کوردستان دەدات و لەدەزگاکانی راگەیاندن دا بڵاوی دەکاتەوە .

## فەسڵی دووەم
## ئەرك ودەسەڵاتەكانی سەرۆكی دەستە

**ماددەی (٤):** سەرۆكی دەستە خۆی سەرۆكی كارگێری دەستەكەیە و بەرپرسی راستەوخۆیە لە جێبەجێكردنی سیاستەكانی و، بەپێی یاساش لەوەوە بڕیار وفەرمان و رێنماییانە دەردەچن كە پەیوەندییان بەكاروبارە هونەری ودارایی و كارگێرییەكانەوە هەیە و ، نوێنەرایەتی دەستەش دەكات لە لەلایەنە حكومی و دام ودەزگا و دەستەكانی دیكەی پەیوەندیدار لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێمدا .

**ماددەی (٥) :** سەرۆكی دەستە بۆی هەیە بەپێی پێویستیەكانی كار و پاش رەزامەندی ئەنجومەنی كارگێری بەشەكانی دەستە لەنوێ دابمەزرێنێ یان لێكیان بدات یان هەڵیان بوەشێنێتەوە .

**ماددەی (٦) :** سەرۆكی دەستە بۆی هەیە لەكاتی پێویست دا بانگهێشتی كۆبونەوەی لەناكاوی ئەنجومەنی دەستە بكات .

**ماددەی (٧) :** سەرۆكی دەستە بۆی هەیە لایەنە پەیوەندیدارەكان لەوەزارەت و فەرمانگەكانی هەرێم وكەرتی تایبەت و رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی بۆ ئامادەبونی كۆبونەوەی ئەنجومەنی دەستە بانگ بكات .

**ماددەی (٨) :** سەرۆكی دەستە بۆی هەیە رێنمایی دەربكات بۆ ئاسانكاری جێ بەجێكردنی یاسای دەستە .

## فەسڵی سێیەم
## نووسینگەی سەرۆكی دەستە و پێكهاتەكانی پەیوەست بەوەوە

**ماددەی (٩) :** نووسینگەی سەرۆكی دەستە لە ئاستی بەرێوەبەرایەتی دەبێت ، فەرمانبەرێك بە پلەی بەرێوەبەر بەرێوەی دەبات كە بڕوانامەی بەرای زانكۆی هەبێت وچەند فەرمانبەرێكیش یاریدەی دەدەن .

**ماددەی (١٠) :** نووسینگەی سەرۆكی دەستە ئەم ئەركانەی دەبێت :

**یەكەم :** سەرپەرشتی پێكهاتەكانی سەر بە نووسینگە دەكات .

**دووەم :**ئامادەكردنی فەرمان و بڕیارەكانی تایبەت بە كاری نووسینگە .

**سێیەم :** وردبینی و بەدواداچون و رێكخستنی پۆستەی هاتوو لەلایەنی باڵا و وەزارەت و لایەنەكانی نەبەستراو بە وەزارەت و هەروەها فەرمانگە و نووسینگەكانی سەر بەدەستە .

**چوارەم :** رێكخستنی دیدار و چاوپێكەوتنەكانی سەرۆكی دەستە :

**پێنجەم :** هەر ئیش وكارێك كە لەلایەن سەرۆكی دەستەوە پێدەسپێردرێت .

**ماددەی ( ١١) :** پێكهاتەكانی نووسینگەی سەرۆكی دەستە :

١- سكرتاریەت : فەمارنبەرێك بەرێوەی دەبات كە شارەزایی و لێهاتوویی لەكارەكانیدا هەبێت ، ئەركی وەرگرتنی پۆستە و پەیوەندی تەلەفۆنی وئیمەیل لەگەڵ لایەنە جۆراوجۆرەكان وچاپكردنی نوسراوە فەرمیەكانی نووسینگەیە .

٢- خامەی نهێنی : فەرمانبەرێك بەرێوەی دەبات كە شارەزایی لەبواری كارگێری دا هەبێت . ئەركی كردنەوەی تۆمار و ئەرشیف كردن وبەدواداچونی نوسراوەكانە .

**ماددەی ( ١٢ )** : ئەم بەشانەی خوارەوە پەیوەستە بە نووسینگەی سەرۆکی دەستە :

**یەکەم** : بەشی وردبینی :

**دووەم** : بەشی تەکنەلۆژیای زانیاری :

**ماددەی ( ١٣ )** : هەر بەشێك فەرمانبەرێك بەرێوەی دەبات بە پلەی بەرپرسی بەش ، کە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم بێت ، وەپسپۆریەکەی گونجاو بێت لەگەڵ سروشتی کارەکەی ، وە لایەنی کەم چوار ساڵ راژەی هەبێت . لەکاتی دانان وپڕکردنەوەی و رکابەری کردن بۆ ئەو پۆستە ئەولەویەت بۆ فەرمانبەرانی دەستە دەبێت.

## فەسڵی چوارەم

## ئەنجومەنەکانی دەستە :

**ماددەی ( ١٤ )**

**یەکەم** : ئەنجومەنی کارگێری ، کە لە سەرۆك و بەرێوەبەرانی فەرمانگەکانی دەستە و راوێژکاران پێکدێت .

**دووەم** : ئەنجومەنی دەستە ، لەمانەی خوارەوە پێکدێت :

١- سەرۆکی دەستە / سەرۆك .

٢- بەرێوەبەری گشتی فەرمانگەی یاسایی و پاراستنی مافی مرۆڤ / بڕیاردەر .

٣- نوێنەری ئەنجومەنی وەزیران پلەکەی لە پلەی تایبەت کەمتر نەبێت / ئەندام .

٤- نوێنەری ئەنجومەنی دادوەری / ئەندام .

٥- نوێنەری داواکاری گشتی / ئەندام .

٦- دوو ئەندام لەوانەی کەکاری دادوەری یان یاسادانان بۆ ماوەیەك کردبێت کە لە (١٠) دە ساڵ کەمتر نەبێت .

**سێیەم** : مسۆگەرکردنی بەشداری ئافرەت لە ئەنجومەنەکەدا .

**چوارەم** : ئەنجومەن مانگانە کۆدەبێتەوە ، سەرۆکیش لە کاتی پێویستدا بۆی هەیە بانگهێشتی کۆبونەوەی لەناکاو بکات و، بریارەکانیشی بەزۆرینەی ژمارەی ئامادەبوان وەردەگرێت ولەکاتی یەکسانبوونی دەنگەکاندا ئەو لایەنە سەردەکەوێت کە سەرۆك دەنگی لەگەڵ داوە.

**پێنجەم** : سەرۆك بۆی هەیە لایەنە پەیوەندیدارەکان لە وەزارەت و فەرمانگەکانی هەرێم و کەرتی تایبەت و رێکخراوەکانی کۆمەلگەی مەدەنی بۆ ئامادەبونی کۆبونەوەکان بکات و بەبێ ئەوەی مافی دەنگ دانیان هەبێت .

## فەسڵی پێنجەم

## فەرمانگەکان و نووسینگەکانی دەستە

**ماددەی ( ١٥ )** : دەستە لەم فەرمانگەیە و نووسینگانەی خوارەوە پێکدێت :

**یەکەم** : فەرمانگەی کارگێری و دارایی :

**دووەم** : فەرمانگەی یاسایی وپاراستنی مافی مرۆڤ .

**سێیەم** : فەرمانگەی پەیوەندییەکان و ڕاگەیاندن :

**چوارەم** : نووسینگەکانی مافی مرۆڤ .

## فەسڵی شەشەم
## فەرمانگەی کارگێری و دارایی

**ماددەی (١٦) :** فەرمانبەرێ بەرێوەی دەبات بە پلەی بەرێوەبەری گشتی ، ولایەنی کەم پێویستە هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت لەبواری کارگێری ، یان ژمێریاری ، یان یاسایی یاخود هاوتاکەی ، وەشارەزاو بە ئەزمون بێت لەبواری کارگێری ودارایی. وە دەبێت بەڵێنامەیەکی دەست نووس پێشکەش بکات کە لە کاتی دەوامی فەرمی کاری حزبایەتی نەکات، وە لەکاتی دانان ودەست نیشانکردن وکاندیدبوون بۆ ئەو پۆستە دەبێت رەزامەندی دەستەی لەگەڵ بێت .

**ماددەی (١٧):** فەرمانبەرێ بە پلەی یاریدەدەری بەرێوەبەری گشتی یاریدەری دەدات ، کە پێویستە بەلایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت لەبواری کارگێری ودارایی و ژمێریاری و یاسایی یان هاوتاکەی. وە لە رێگەی ئەنجومەنی کارگێری دەستەوە کاندید بکرێت ولەرێگەی CV وچاوپێکەوتنەوە بێت . وە لەکاتی دانان وپڕکردنەوە ورکابەری کردن بۆ ئەو پۆستە ئەولەویەت بۆ فەرمانبەرانی دەستە بێت .

**ماددەی (١٨) :** فەرمانگەی کارگێری و دارایی لەو بەرێوەبەرایەتیانە پێکدێت .

**یەکەم :** بەرێوەبەرایەتی کارگێری وخۆیەتی :

**دووەم :** بەرێوەبەرایەتی دارایی وژمێریاری :

**ماددەی (١٩) :**

**یەکەم :** بەرێوەبەرایەتی کارگێری وخۆیەتی فەرمانبەرێك بەرێوەی دەبات **بە** پلەی بەڕێوەبەر ، لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم بێت لەبواری کارگێری یان هاوتاکەی ، وە لایەنی کەم حەوت ساڵ ڕاژەی هەبێت، وە لەکاتی دانان وپڕکردنەوەی ورکابەری کردن بۆ ئەو پۆستە ئەولەویەت بۆ فەرمانبەرانی فەرمانگەی کارگێری ودارایی دەبێت .

**دووەم :** بەرێوەبەرایەتی کارگێری وخۆیەتی لەم بەشانە پێکدێت :

١.بەشی خۆیەتی : پێکدێت لە :

أ.هۆبەی میلاکات .

ب.هۆبەی کاروباری راژە .

٢.بەشی کارگێری :پێکدێت لە :

أ. هۆبەی خزمەتگوزاری .

ب. هۆبەی کۆگا .

ج. هۆبەی هاتوو ودەرچوو .

د. هۆبەی پرسگە .

**سێیەم** : هەر بەش و هۆبەیەك فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات بە پلەی بەرپرسی بەش یان هۆبە ، کە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم بێت ، وەپسپۆریەکەی گونجاو بێت لەگەڵ سروشتی کارەکەی ، وەلایەنی کەم چوار ساڵ راژەی هەبێت . لەکاتی دانان وپڕکردنەوەی وڕکابەری کردن بۆ ئەو پۆستە ئەولەویەت بۆ فەرمانبەرانی فەرمانگەی کارگێری ودارایی دەستە دەبێت.

**چوارەم** : ئەرکەکانی بەرێوەبەرایەتی کارگێری ئەمانە دەبێت :

١- دیاریکردنی پێداویستی دەستە لە فەرمانبەران و دابینکردنی فەرمانبەر بۆ میلاکە بەتاڵەکان .

٢- ئەنجامدانی کارپاییەکانی تایبەت بەدامەزراندن ، پلە بەرزکردنەوە ، پێدانی سەرموچە ، مۆڵەت ،خانەنشینی ، گواستنەوە راژە ، رێز وسوپاس ... هتد ، بۆ فەرمانبەرانی دەستە وپلە تایبەتەکان .

٣- رێکخستنی دۆسیەکان وتۆمارەکان وداتابەیسەکانی پەیوەست بە کاروباری فەرمانبەران لەبازنەی ئەرکەکانی بەرێوەبەرایەتیەکەدا .

٤- ئەنجامدانی هەر کارێکی تری پەیوەندار بە کاروباری فەرمانبەران .

**ماددەی ( ٢٠ ) :**

**یەکەم** : بەرێوەبەرایەتی دارایی وژمێریاری : فەرمانبەرێك بەرێوەی دەبات بە پلەی بەڕێوەبەر ، لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم بێت لەبواری ژمێریاری یان دارایی یان زانستەکانی دارایی و بانك یان هاوتاکەی. وە لایەنی کەم حەوت ساڵ ڕاژەی هەبێت لەبواری ژمێریاری ، وە لەکاتی دانان وپڕکردنەوەی و رکابەری کردن بۆ ئەو پۆستە ئەولەویەت بۆ فەرمانبەرانی فەرمانگەی کارگێری ودارایی دەبێت .

**دووەم** : بەرێوەبەرایەتی دارایی وژمێریاری لەم بەشانە پێکدێت :

١- بەشی پێشینە وخەرجیەکان.

٢- بەشی ژمێریاری نووسینگەکان .

٣- بەشی مووچە وخەزنە

**سێیەم** : هەر بەشێك فەرمانبەرێك بەرێوەی دەبات بە پلەی بەرپرسی بەش ، کە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم بێت ، وە پسپۆریەکەی گونجاو بێت لەگەڵ سروشتی کارەکەی ، وەلایەنی کەم چوار ساڵ راژەی هەبێت . لەکاتی دانان وپرکردنەوەی و رکابەری کردن بۆ ئەو پۆستە ئەولەویەت بۆ فەرمانبەرانی دەستە دەبێت.

**چوارەم** : ئەرکەکانی بەرێوەبەرایەتی دارایی وژمێریاری ئەمانە دەبێت :

١- دانان وئامادەکردنی بوودجەی ساڵانەی دەستە .

٢- ئامادەکردنی بووجەی پێداچونەوەی مانگانە وخشتەی خەرجییەکان ومووچەی فەرمانبەران .

٣- گرتنی تۆمارگەکان وئاسنکاری وخستنەبەردەستی دۆسیەکان بۆ دیوانی چاودێری دارایی ، وە پاراستنی دارایی وموڵکی گشتی .

٤- ئەنجامدانی هەر کارێکی تری پەیوەندار بەکاروباری ژمێریاری .

## فەسڵی حەوتەم
## فەرمانگەی یاسایی و پاراستنی مافی مرۆڤ

**ماددەی ( ٢١ )** : فەرمانبەرێ بەرێوەی دەبات بە پلەی بەرێوەبەری گشتی ، ولایەنی کەم پێویستە هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت لەبواری یاسا یان هاوتاکەی و ، وەشارەزاو بە ئەزمون بێت لەبواری مافی مرۆڤ ولایەنی کەم خاوەنی بەرهەمی هزری بێت لەبواری مافی مرۆڤ ، وە ، دەبێت بەڵێنامەیەکی دەست نووس پێشکەش بکات کە لە کاتی دەوامی فەرمی کاری حزبایەتی نەکات ، وە لەکاتی دانان ودەست نیشانکردن وکاندیدبوون بۆ ئەو پۆستە دەبێت رەزامەندی دەستەی لەگەڵ بێت .

**ماددەی ( ٢٢ )** : فەرمانبەرێ بە پلەی یاریدەدەری بەرێوەبەری گشتی یاریدەی دەدات ، کە پێویستە بەلایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت لەبواری زانستە مرۆڤایەتیەکان یان هاوتاکەی ، وە شارەزا و ئەزمونی لەبواری مافی مرۆڤ هەبێت . وە لەرێگەی ئەنجومەنی کارگێری دەستەوە کاندید بکرێت ولەرێگەی CV وچاوپێکەوتنەوە بێت . وە لەکاتی دانان وپڕکردنەوە ورکابەری کردن بۆ ئەو پۆستە ئەولەویەت بۆ فەرمانبەرانی دەستە بێت .

**ماددەی ( ٢٣ )** : فەرمانگەی یاسایی و پاراستنی مافی مرۆڤ لەو بەرێوەبەرایەتیانە پێکدێت :

**یەکەم** : بەرێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی :

**دووەم** : بەرێوەبەرایەتی مافی مرۆڤ :

**ماددەی ( ٢٤ )** :

**یەکەم** : بەرێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی : فەرمانبەرێك بەرێوەی دەبات بە پلەی بەرێوەبەر ، وە هەڵگری بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆ بێت لەبواری یاسا یان هاوتاکەی ، وە لایەنی کەم حەوت ساڵ راژەی هەبێت ، وە لە کاتی دانان وپڕکردنەوەی وڕکابەری کردن بۆ ئەو پۆستە ئەولەویەت بۆ فەرمانبەرانی دەستە دەبێت .

**دووەم** : بەرێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی لەم بەشانە پێکدێت :

١. بەشی سکاڵا وبەدواداچوون .

٢. بەشی چاودێری بەندیخانەکان .

**سێیەم** : هەر بەشێك فەرمانبەرێك بەرێوەی دەبات بە پلەی بەرپرسی بەش ، وە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم بێت و ، پسپۆریەکەی گونجاو بێت لەگەڵ سروشتی کارەکەی، وەلایەنی کەم چوار ساڵ راژەی هەبێت ، وە لە کاتی دانان وپڕکردنەوەی وڕکابەری کردن بۆ ئەو پۆستە ئەولەویەت بۆ فەرمانبەرانی دەستە دەبێت .

**چوارەم** : ئەرکەکانی بەرێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی ئەمانەن :

١- ئەنجامدانی تەواوی مامەڵە یاساییەکان پەیوەست بە نوێ کردنەوەی گرێ بەستی فەرمانبەران وهەر گرێ بەستێکی تری یاسایی .

٢- بەدواداچوون بۆ داوایی یاساییەکان و نوێنەرایەتی کردنی دەستە لە دادگاکاندا .
٣- بەدواداچونکردن بۆ ئەو یاساییانەی کە لەهەرێمی کوردستان وعێراقدا دەردەچن لەبواری مافەکانی مرۆڤـ بەمەبەستی گونجاندنیان لەگەڵ پێوەرەکانی بواری مافی مرۆڤـ .
٤- وەرگرتنی سکاڵای هاوڵاتیان وکۆمەڵە ورێکخراوەکان وکۆمپانیاکان بەپێی یاسای دەستە .
٥- سەردانیکردن وبەدواداچون بۆ ڕەوشی گرتوخانەکانی هەرێمی کوردستان وبنکەکانی پۆلیس و نووسینی ڕاپۆرت لەبارەیانەوە هەروەها هەموو ڕێکارێکی یاسایی پێویست بۆ باشکردنی ڕەوشی مرۆیی لە بەندیخانەکان .

**ماددەی** ( ٢٥ ) :

**یەکەم** : بەرێوەبەرایەتی مافی مرۆڤـ : فەرمانبەرێك بەرێوەی دەبات بە پلەی بەرێوەبەر ، دەبێت هەڵگری بڕوانامەی بەرای زانکۆ بێت لەبواری زانستە مرۆڤـایەتیەکان یان هاوتاکەی ، لایەنی کەم حەوت ساڵ ڕاژەی هەبێت لەبواری مافی مرۆڤـ . وە لە کاتی دانان وپڕکردنەوەی ورکابەری کردن بۆ ئەو پۆستە ئەولەویەت بۆ فەرمانبەرانی دەستە دەبێت .

**دووەم** : بەرێوەبەرایەتی مافی مرۆڤـ لەم بەشانە پێکدێت :
١- بەشی چاودێری ودۆکیۆمێنتکردن :
٢- بەشی ڕاپۆرت :
٣- بەشی توێژینەوە وئامار :

**سێیەم** : هەر بەشێك فەرمانبەرێك بەرێوەی دەبات بە پلەی بەرپرسی بەش ، وە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم بێت و، پسپۆریەکەی گونجاو بێت لەگەڵ سروشتی کارەکەی، وەلایەنی کەم چوار ساڵ ڕاژەی هەبێت ، وە لە کاتی دانان وپڕکردنەوەی وڕکابەری کردن بۆ ئەو پۆستە ئەولەویەت بۆ فەرمانبەرانی دەستە دەبێت .

**چوارەم** : ئەرکەکانی بەرێوەبەرایەتی مافی مرۆڤـ :
١- چاودێریکردنی ڕەوشی مافی مرۆڤـ بە هەموو سێکتەرەکان وکایەکان هەروەها بە دۆکیۆمێنتکردنی پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤـ وبەرزکردنەوەی پێشنیارو ڕاسپاردە بۆ سەروی خۆی .
٢- سەرپەرشتیکردن و وەڵامدانەوەی کۆی نوسراوەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤـ بۆ دەزگا ودامەزراوە ولایەنە پەیوەندارەکان .
٣- نووسینی ڕاپۆرتەکانی دەستە تایبەت بەڕەوشی مافی مرۆڤـ بەهەماهەنگی لەگەڵ بەشە تایبەتمەندەکانی دەستە.
٤- ئەنجامدانی سیمنار وچالاکی بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری مافی مرۆڤـ بە هاماهەنگی لەگەڵ بەشە تایبەتمەندەکانی دەستە .

## فەسڵی هەشتەم
## فەرمانگەی پەیوەندییەکان و ڕاگەیاندن

**ماددەی ( ٢٦ ):** فەرمانبەرێ بەرێوەی دەبات بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی ، ولایەنی کەم پێویستە هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت لەبواری زانستە سیاسیەکان یان ڕاگەیاندن یان پەیوەندیەکان ودبلۆماسیەت یان هاوتاکەی و ، وەشارەزاو بە ئەزمون لەبواری پەیوەندیەکان وڕاگەیاندن هەبێت و بەدیکۆمێنێت پشت راست بکاتەوە ،وەتوانستی زمانەوانی باش بێت جگەلە زمانی فەرمی لەهەرێم، زمانەکانی عەرەبی وئینگلیزی بزانێت،دەبێت بەڵێنامەیەکی دەست نووس پێشکەش بکات کە لە کاتی دەوامی فەرمی کاری حزبایەتی نەکات ، وەلەکاتی دانان ودەست نیشانکردن وکاندیدبوون بۆ ئەو پۆستە دەبێت ڕەزامەندی دەستەی لەگەڵ بێت .

**ماددەی ( ٢٧ ) :** فەرمانبەرێ بە پلەی یاریدەدەری بەرێوەبەری گشتی یاریدەری دەدات ، کە پێویستە بەلایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت لەبواری زانستە مرۆڤـایەتیەکان یان هاوتاکەی ، وەشارەزا وئەزمونی لەبواری پەیوەندیەکان وڕاگەیاندن هەبێت . وەلەرێگەی ئەنجومەنی کارگێری دەستەوە کاندید بکرێت و لەرێگەی سی ڤـی وچاوپێکەوتنەوە بێت ، وە لەکاتی دانان وپڕکردنەوەی ورکابەری کردن بۆ ئەو پۆستە ئەولەویەت بۆ فەرمانبەرانی دەستە بێت.

**ماددەی ( ٢٨ ) :** فەرمانگەی پەیوەندیەکان و ڕاگەیاندن لەو بەرێوەبەرایەتیانە پێکدێت :

**یەکەم :** بەرێوەبەرایەتی پەیوەندیەکان :

**دووەم :** بەرێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن :

**ماددەی ( ٢٩ ) :**

**یەکەم :** بەرێوەبەرایەتی پەیوەندیەکان فەرمانبەرێك بەرێوەی دەبات بە پلەی بەڕێوەبەر ، دەبێت هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت لەبواری زانستە مرۆڤـایەتیەکان یان هاوتاکەی ، جگەلە زمانی کوردی شارەزای وتوانستی لە زمانی عەرەبی هەبێت ، وە لایەنی کەم حەوت ساڵ راژەی هەبێت، وە لە کاتی دانان وپڕکردنەوەی وڕکابەری کردن بۆ ئەو پۆستە ئەولەویەت بۆ فەرمانبەرانی دەستە دەبێت .

**دووەم :** بەرێوەبەرایەتی پەیوەندیەکان لەم بەشانە پێکدێت :

١- بەشی ڕێکخراوەکان .

٢- بەشی وەرگێڕان.

**سێیەم :** هەر بەشێك فەرمانبەرێك بەرێوەی دەبات بە پلەی بەرپرسی بەش ، وە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم بێت ، وە پێویستە پسپۆریەکەی گونجاو بێت لەگەڵ سروشتی کارەکەی، وەلایەنی کەم چوار ساڵ راژەی هەبێت ، وە لە کاتی دانان وپڕکردنەوەی وڕکابەری کردن بۆ ئەو پۆستە ئەولەویەت بۆ فەرمانبەرانی دەستە دەبێت .

**چوارەم :** ئەرکەکانی بەرێوەبەرایەتی پەیوەندیەکان :

١- ئامادەكردن وڕێكخستنی كۆنفراس وكۆبونەوەكان و كۆنفراسەكانی تایبەتمەند كە دەستە پێی هەڵدەستێ لە ناوەوە ودەرەوەی هەرێم .

٢- سەرپەرشتی وئامادەكاری بۆ كۆبونەوەكان لەگەڵ ڕێكخراوەكان ونووسینی كۆنوسی كۆبونەوەكان و دۆكیۆمێنتكردنی كۆبونەوەكان و نوسراوەكان .

٣- كاركردن بۆ باشكردن و زەقكردنەوەی وێنەی دەستە وبەهێزكردنی پەیوەندی وهەماهەنگی لەگەڵ لایەنە ناوەخۆیی ودەرەكیە جیاوازەكان بە هەماهەنگی لەگەڵ بەشەكانی تر ناو دەستە .

٤- ئامادەكردنی ڕەشنوسی یاداشتی لێكتێگەیشتن وڕێككەوتنامەی هاوكاری وهەماهەنگی لەنێوان دەستە ولایەنەكانی تر.

٥- بەدواداچون كردن بۆ جێ بەجێكردنی كارەكان و پڕۆژەكان كە دەستە لەگەڵ هەموو ڕێكخراوە ناوەخۆیی و نێودەوڵەتی و ئاژانسەكانی سەر بەنەتەوەیەكگرتوەكان و لایەنی پەیوەندارەكان ئەنجامی دەدات بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگە پەیوەندارەكانی ناو دەستە .

٦- ئاگاداركردنەوەی دەستە بە هەموو پەرەسەندن وچالاكی وبابەتی گشتی كە جێی بایەخی دەستەن و لەوەرگرتنی بروسكە ونامەكان و داوەتنامانەی كە ئاراستەی دەستە دەكرێن .

٧- ئامادەكردنی وەڵام بۆ بروسكەو نامەكان كە لایەنە پەیوەندارەكان بۆ دەستە هاتووە لەهەموو بۆنەكان بەپێی ڕێنمایی وڕەزامەندی سەروو .

٨- كاركردن لەسەر پێشوازیكردن لە شاندەكان وئاسانكاری كردنی ڕێ شوێنەكانی پێشوازیكردنیان و ئامادەكرنی پرۆگرامی پێشوازی ومانەوەی میوانانی دەستە وڕێكخستنیان .

**ماددەی ( ٣٠ ) :**

**یەكەم :** بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات بە پلەی بەڕێوەبەر ، دەبێت لایەنی كەم هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم بێت لەبواری ڕاگەیاندن یان زانستە مرۆڤـایەتیەكان یان هاوتاكەی ، وە لەلایەنی كەم حەوت ساڵ ڕاژەی هەبێت، لە بواری ڕاگەیاندن شارەزای وئەزمونی هەبێت ولەرێگەی CV وە پشتراستی بكاتەوە بە بەڵگە بیخاتە ڕوو ، وە لە كاتی دانان وپڕكردنەوەی و ڕكابەری كردن بۆ ئەو پۆستە ئەولەویەت بۆ فەرمانبەرانی دەستە دەبێت .

**دووەم :** بەرێوەبەرایەتی راگەیاندن لەم بەشانە پێكدێت :

١- بەشی بلاوكراوە وچاپەمەنی .

٢- بەشی وێنەگرتن وئەرشیف

**سێیەم :** هەر بەشێك فەرمانبەرێك بەرێوەی دەبات بە پلەی بەرپرسی بەش ، وە لایەنی كەم هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم بێت ، وە پێویستە پسپۆریەكەی گونجاو بێت لەگەڵ سروشتی كارەكەی، وەلایەنی كەم چوار ساڵ ڕاژەی هەبێت ، وە لە كاتی دانان وپڕكردنەوەی وركابەری كردن بۆ ئەو پۆستە ئەولەویەت بۆ فەرمانبەرانی دەستە دەبێت .

چوارەم : ئەرکەکانی بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن ئەمانەن :
١- ڕومالکردنی کار وپرۆژە وچالاکییەکانی دەستە لەڕووی ڕاگەیاندنەوە .
٢- بەشداری کردنی هەڵمەتەکانی هۆشیارکردنەوە وبلاوکردنەوەی ڕۆشنبیری مافەکانی مرۆڤ ومافی گشتی .
٣- هەڵسان بەچاپکردنی بلاوکراوە و ڕێکخستنی لاپەڕەی فەرمی دەستە وبابەتەکانی پەیوەست بە ڕاگەیاندن ورۆشنبیری .
٤- چاودێریکردن وبەدواداچون وئاگاداربوون لە بابەتە پەیوەستەکان لەڕاگەیاندن و ڕۆژنامە و چاپەمەنیەکان وئاگادارکرنەوەی بەشەکانی دەستە پەیوەست بەم بوارە .
٥- ئامادەکردنی پەیام وبەیاننامە فەرمیەکانی دەستە بەهەماهەنگی سەرۆکی دەستە وە فەرمانگەی تایبەت بە ناوەڕۆکی بەیاننامەکە .
٦- ئامادەکردن وبەرزکردنەوەی ڕاپۆرتی بەردەوام و مانگانە وخولاو پەیوەست بەکاری بەشەکە بۆ سەرووی خۆی
٧- ئەرشیف کردن ودۆکیۆمێنتکردنی بەڵگەو ڕاپۆرت وبابەت و بەیاننامە وهەڵوێستە فەرمیەکانی دەستە .

## فەسڵی نوێەم :
## نووسینگەکانی مافی مرۆڤــی سەر بە دەستە :

**ماددەی ( ٣١ )**

**یەکەم**:دەستە بۆی هەیە نووسینگەی مافی مرۆڤ لە پارێزگاکانی هەرێم بکاتەوە.

**دووەم**: دەستە بۆی هەیە نووسینگە لە قەزا وناحیەکان بکاتەوە (ماددەی دووەم _ دووەم لە یاسای دەستە).

**ماددەی (٣٢ )** : هەر نووسینگەیەکی مافی مرۆڤ فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات بە پلەی بەڕێوەبەر کە دەبێت هەڵگری بڕوانامەی بەرای زانکۆ بێت لەبواری زانستە مرۆڤـایەتیەکان یان هاوتاکەی و ، لایەنی کەم حەوت ساڵ ڕاژەی هەبێت لەبواری مافی مرۆڤ وە شارەزا وئەزمونی لەبواری مافی مرۆڤ هەبێت و بە بەلگە بیخاتەڕوو لەکاتی دانان وپڕکردنەوەی وڕکابەری کردن بۆ ئەو پۆستە ئەولەویەت بۆ فەرمانبەرانی نووسینگەکان دەبێت .

**ماددەی ( ٣٣ )** : بەڕێوەبەری نووسینگە یاریدەدەرێکی دەبێت بۆ رایکردنی کارەکانی .

**ماددەی (٣٤ )** : نووسینگەی مافی مرۆڤ لەم هۆبانە پێکدێت :

١- هۆبەی یاسا وسکالا .
٢- هۆبەی گرتوخانەکان .
٣- هۆبەی ڕاگەیاندن وپەیوەندیەکان .
٤- هۆبەی ڕاپۆرت .
٥- هۆبەی چاودێری و دۆکیۆمێنتکردن .
٦- هۆبەی کارگێری وخۆیەتی .

**ماددەی (٣٥ )** : هەر هۆبەیەك فەرمانبەرێ بەڕێوەی دەبات بە پلەی بەرپرسی هۆبە ، لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم بێت ، وە پێویستە پسپۆریەکەی گونجاو بێت لەگەڵ سروشتی کارەکەی، وەلایەنی کەم چوار ساڵ راژەی هەبێت ، وە لە کاتی دانان وپڕکردنەوەی وڕکابەری کردن بۆ ئەو پۆستە ئەولەویەت بۆ فەرمانبەرانی دەستە دەبێت .

**ماددەی ( ٣٦ )**: ئەرکەکانی نووسینگەی مافی مرۆڤ هەمان ئەو ئەرکانەن کە لە ماددەی ( ٢) پەیڕەوی ناوخۆ دا هاتووە ، وە لەسنوری کارکردنی جوگرافی خۆیدا .

## فەسڵی دەیەم

## ڕاوێژکاران

**ماددە (٣٧ )** : راوێژکاران ژمارەیان لە دوو زیاتر نابێت و دەبێت شارەزا وپسپۆر بن لە بواری مافی مرۆڤدا (ماددەی حەوتەم (یەکەم -٤) لەیاسای دەستە).

**ماددەی (٣٨ )**:ڕاوێژکار پێویستە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت لەبواری زانستە مرۆڤایەتیەکان یان هاوتاکەی، وەشارەزاو بە ئەزمون بێت لەبواری مافی مرۆڤ ویاساکان ولایەنی کەم خاوەنی بەرهەمی هزری بێت لەو بوارەدا ،وە توانستی زمانەوانی باش بێت جگەلە زمانی کوردی ، زمانی عەرەبی بزانێت، وە دەبێت بەڵێنامەیەکی دەست نووس پێشکەش بکات کە لە کاتی دەوامی فەرمی کاری حزبایەتی نەکات، وە لەکاتی دانان ودەست نیشانکردن وکاندیدبوون بۆ ئەو پۆستە دەبێت رەزامەندی دەستەی لەگەڵ بێت

**ماددەی (٣٩ )** : ئەرکەکانی راوێژکاران :

١- کاری پێشکەشکردنی راوێژکاری لە بابەتەکانی مافەکانی مرۆڤ ، وە پرس وبابەتەکانی یاسایی بۆ سەرۆکی دەستە .

٢- پێدانی ڕاوێژ و پێشکەشکردنی پێشنیارو ڕا و سەرنج سەبارەت بە پرۆژەکان ، پلانی ساڵانە ، چالاکیەکان کەدەستە ئەنجامی دەدات .

٣- پێدانی ڕاوێژو ڕا وسەرنج بە ڕاپۆرتی تایبەت و گشتی ساڵانەی تایبەت ڕەوشی بەمافەکانی مرۆڤ .

٤- جێبەجێکردنی هەر ئەرك وکارێك کە لەلایەن سەرۆکی دەستەوە پێدەسپێردرێت ، بە مەبەستی بەرەو پێشبردن وچاککردن وخزمەتکردنی ڕەوشی مافی مرۆڤ .

## فەسڵی یازدەیەم :

## حوکمە گشتیەکان وکۆتاییەکان

**ماددەی (٤٠ )** : ئەنجومەنی کارگێری وئەنجومەنی دەستە بەرنامە ومیکانیزم وپەیڕەوی ناوخۆیی کارکردن بۆ خۆیان دابنێن وپەیڕەو بکرێت .

**ماددەی (٤١ )** : سەرپەرشتیکردن وبەرێوەبردنی ماڵپەرو وێب سایت و پێیج و لاپەڕەی فەرمی دەستە ڕێکدەخرێت بە هەماهەنگی نێوان سەرۆکی دەستە و بەرێوەبەری گشتی فەرمانگەی پەیوەندیەکان وڕاگەیاندن .

**ماددەی ( ٤٢ ) :** بەرێوەبەری گشتی فەرمانگەی پەیوەندییەکان وڕاگەیاندن ، ووتەبێژی فەرمی دەستە دەبێت ، وە یان هەر کەسێکی تر کە لەلایەن سەرۆکی دەستەوە دیاری دەکرێت .

**ماددەی ( ٤٣ ) :** لەرێگەی فۆرمێکەوە هەڵسەنگاندن بۆ کارو ئەدای (بەڕێوەبەری بەرێوەبەرایەتیەکانی ناو دەستە ، بەرێوەبەری نووسینگەکان) دەکرێت لەلایەن ئەنجومەنی کارگێری دەستە لەکۆتایی هەر ساڵێکی کارکردن بەمەبەستی پێدانەوەی متمانە بەمانەوەی لەپۆستەکەی یاخود بواردن وبەخشینی ( اعفاء) .

**ماددەی ( ٤٤ ) :** ئەم پەیڕەوە جێ بەجێ دەکرێت لە ڕۆژی پەسەندکردنی و دەرچوونیەوە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٣/٢٨ ، وە لە ڕۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ضیاء بطرس صلیوا**
**سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ**

**وەزارەتی كارەبا**

**ژمارەی: ١٠٦٠ لە ٢٠١٨/٣/١**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٥) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی كارەبا ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٠٦ ، وە ئاماژە بە نوسراوی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٣٥١) لە ٢٠١٦\٣\٢٨ و لەپێناو بەرژەوەندی كار و ڕێكخستنی مەرج و ڕێنماییەكانی پێدانی ووزەی كارەبا بە هاوبەشان لەسەر ئاستی هەرێمی كوردستان و بەمەبەستی بەرچاو ڕوونی هاوولاتیان لەچۆنیەتی بەكارهێنانی ئەم ووزەیە بەشێوەیەكی گونجاو و چارەسەركردنی سەرپێچییەكان ، بڕیاردرا بە دەركردنی ئەم ڕێنماییە.

## ڕێنمایی ژمارە ( ١ )ی ساڵی ٢٠١٨

## ڕێنمایی و مەرجەكانی پێدانی وزەی كارەبا

## بەشی یەكەم

## پێناسەكان

**ماددەی ( ١ ):-**

ئەم دەستەواژانەی كە ناویان هاتووە لەم ڕێنماییەدا ئەو مانایانە دەبەخشن، كە جێگیر كراون بەرامبەریان:

١- وەزارەت: وەزارەتی كارەبای حكومەتی هەرێمی كوردستان.

٢- فەرمانگە: بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەكانی كارەبای پارێزگاكان و ئیدارە سەربەخۆیەكان و بەڕێوەبەرایەتییەكانی دابەشكردنی كارەباو فەرمانگەو لقە خزمەتگوزارییەكانیان بەپێی سنووری لێپرسراوییەتی جوگرافیای هەر بەڕێوەبەرایەتییەك.

٣- پلان: پلانی ساڵانەی پەسەندكراو تایبەت بە پڕۆژەكانی وەزارەتی كارەبا.

٤- هاوبەش: بریتیە لە كەسێكی سروشتی یاخود مەعنەوی كە سوودمەندە لەوەرگرتنی ووزەی كارەبا و خاوەنداریەتی موڵكەكە دەكات.

٥- پۆلینی هاوبەش: پۆلینی هاوبەشان دابەش دەكرێت بۆ ئەمانەی خوارەوە:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| أ- ماڵان | ب- بازرگانی | ج- پیشەسازی | د- كشتوكاڵ | هـ- میری |

ئەو دەستەواژانەی كە لەم ڕێنماییەدا هاتوون ئەو مانایانە دەبەخشن كەلەبەرامبەریان دا دیاریكراوە :-

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| (kV): | كیلۆڤۆڵت. | (kVA): | كیلۆڤۆڵت ئەمپێر. | (MVA): | مێگاڤۆڵت ئەمپێر |
| (kW): | كیلۆ وات | (MWh): | مێگا وات كاتژمێر | (MW): | مێگاوات |
| (kVAr): | كیلۆ ڤار | (MVAr): | مێگا ڤار | (MVArh): | مێگا ڤار كاتژمێر |
| (Ø1): | سنگڵ فەیس | (Ø3): | سێ فەیس | (HZ): | هێرتز |
| (kHZ): | كێلۆ هێرتز | (MHZ): | مێگا هێرتز | | |

## بەشی دووەم
## مەرجە گشتییەکانی پێدانی وزەی کارەبا بە هاوبەشان

**ماددەی ( ٢ ):-**

١- فەرمانگەکانی کارەبا بەپێی سنوری جوگرافیا وزەی کارەبا دەدەن بە هاوبەشان وە بەئاستی شەش ڤۆڵتییەی جیاواز بەو شێوەیەی لە خوارەوە هاتووە :

أ- توانای ڤۆڵتییەی نزم - سنگل فەیس**V** 240 (-١٠ ٪ تا +٦٪) بەو هاوبەشانە دەدرێت کە پێویستی کارەبایان تا(15**kW**) بێت.

ب- توانای ڤۆڵتییەی نزم - سێ فەیس (416**v**) ( -١٠٪ تا +٦٪) بەو هاوبەشانە دەدرێت کە پێویستی وزەی کارەبایان زیاتربێت لە (15**kW**) تاکو(30**kW**) .

ج- توانای ڤۆڵتییەی ناوەند سێ فەیس **kv** 11( ±5٪)بەو هاوبەشانە دەدرێت کە پێویستی وزەی کارەبایان زیاتر بێت لە (30**kW**) تاکو (5**MW**) .

هـ- توانای ڤۆڵتییەی ناوەند سێ فەیس(33**kW**) ( ±10٪)بەو هاوبەشانە دەدرێت کە پێویستی وزەی کارەبایان زیاتر بێت لە (5**MW**) تاکو (30**MW**) .

و- توانای ڤۆڵتییەی بەرز سێ فەیس (132**kv**) ( ±10٪) بەو هاوبەشانە دەدرێت کە پێویستی وزەی کارەبایان زیاتر بێت لە (30**MW**) تا (150**MW**) جگە لە کارگەکانی توانەوەی ئاسن .

ز- توانای ڤۆڵتییەی بەرز سێ فەیس (400**kv**) ( ±10٪) بەو هاوبەشانە دەدرێت کە پێویستی وزەی کارەبایان زیاتر بێت لە (150**MW**) وە کارگەکانی ئاسن کە ناتوانن لە خاڵی (و) کارەبایان پێ بدرێت.

٢- ئەگەر وا پێویست بکات هێڵی کارەبا لە ڕووبار یان بەربەستی ئاوی بپەڕێندرێتەوە بۆ پێدانی وزەی کارەبا بە شوێنێکی دیاریکراو، فەرمانگە هەڵسەنگاندن دەکات بۆ شێوازی پەڕاندنەوەی هێڵەکە بەسەر بەربەستە ئاویەکەدا، ئەمەش بۆ بەدیهێنانی پێوەرە پشت پێبەستراوەکانی تایبەت بە دووری ڕێگە پێدراوی نێوان هێڵ و ئاستی ئاو بەرەچاوکردنی بەرزترین ئاستی ئاو، هەروەها پێویستە پێش دەست بەکاربوون لە پرۆژەکە ڕەزامەندی لە لایەنە پەیوەندیدارەکان لە وەزارەتەکانی (کشتوکاڵ وسەرچاوە ئاوییەکان و گواستنەوەو گەیاندن و ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن) وەربگیرێت.

٣- ئەو باڵەخانانەی کە ڕووبەری بینایان لە (٤٠٠م٢) زیاتر بوو پێویستە گۆڕەری تایبەت بە خۆی دابنێت لەسەر ئەستۆی خاوەنەکی بەڵام ئەگەر ڕووبەری بیناکە لە (٤٠٠م٢) کەمتر بوو دەتوانێت تا بڕی (٣٠) کیلۆ وات لە گۆڕەری گشتی بدرێتێ بەپێی پێداویستی باڵەخانەکە.

**ماددەی ( ٣ ):-**

بەمەبەستی گەیاندنی وزەی کارەبا بۆ هاوبەشان، پێویستە پەیڕەوی ئەم خاڵانە بکرێت:

١- پێشکەشکردنی داواکاری بۆ هاوبەشبوونی کارەبا لە لایەن خاوەن موڵك یان بریکاری یاسایی بەهەبوونی بەڵگەنامەی پەسەندکراو. هاوکات کرێچی بۆی هەیە داوای هاوبەشبوونی وزەی کارەبا بکات بۆ ئەو موڵکەی بەکرێ بەکاری دێنێ بە مەرجێ گرێبەستی پەسەندکراوی هەبێت بەڵام تۆماری هاوبەشە کارەباییەکە بە ناوی خاوەن موڵك تۆمار دەکرێت.

٢- لەکاتی بەستنی تۆڕی کارەبا بۆ هاوبەش پێویستە کێبڵەکان لەناو لولەك دابنرێت بەمەرجی دڵنیابوون لەوەی کەوا هیچ سەرپێچی لەسەر کێبڵەکە نەکراوە یان بەشێوەی دەرکەوتوو (ظاهر) بێت لەنێوان تۆڕی کارەباو پێوەرەکە، بەدەر لەم دوو مەرجە نابێ وزەی کارەبای پێ بدرێت.

٣- تەواوکردنی تۆڕی بە زەوی گەیاندن بۆ سیستەمی کارەبا بە بەستنی وایەری سێیەم تایبەت بە پاراستنی دژ بە دزەکردنی زەوی بۆ هەرخاڵێکی وەرگرتنی کارەبا، هەروەها بەستنی شیشی بە زەوی گەیاندن یان بەسیستەمی تۆڕی زەوییەوە نزیك لە بۆردی پێوەرەوە بۆ گەیاندنی وزەی کارەبا، نابێت بە هیچ جۆرێك وزەی کارەبا بگەیەنرێتە هاوبەش بەبێ جێبەجێکردنی ئەم خاڵە لە رۆژی پەسەندکردنی ئەم رێنماییە (واتە پێویستە وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار و رێکخراوەکانی ئەندازیارانی کوردستان مۆڵەت نەدەن بەبێ هەبوونی ئەم مەرجە)

٤- دابینکردن و دانانی بۆردی سەرەکی لە جۆری سینگل فەیس یان سێ فەیس بەو جۆرەی کە فەرمانگە دیاری دەکات.

٥- دابینکردن و دانانی بۆردی پێوەر لەو شوێنەی کە فەرمانگە دیاری دەکات.

٦- دوای جێبەجێکردنی ئەو (٥) مەرجانەی سەرەوە، فەرمانگە نۆرینی دامەزراوەی کارەبایی داواکراوەکە ئەنجام دەدات.

**ماددەی (٤):-**

**یەکەم:** ئەو هاوبەشەی کە بە (33 kV ,11kV) ( وزەی کارەبای بۆ دابین دەکرێت کەلە بڕگەکانی (ج، هـ)ی خاڵی یەکەمی ماددەی ٢) دا هاتووە پابەند بکرێت بەدانانی گۆڕەر وە لەنەخشەی بیناکە جێگیر بکرێت:

أ- ئەو باڵەخانانەی رووبەری زەویان زیاترە لە (٣٠٠) مەتر دووجا گۆڕەرەکە جێگیر بکرێت لەنهۆمی زەمینی دابنرێت وە لەڕووی تەکنیکیەوە گونجاو بێت و ژووری بۆ دروست کرابێت، وەبتوانرێ لەڕووی شەقامی سەرەکیەوە بەئاسانی و بەبێ ئاستەنگ کاری لەسەر بکرێت .

ب- ئەو باڵەخانانەی رووبەری زەویان کەمترە لە (٣٠٠) مەتر دووجا دەکرێت گۆڕەرەکە جێگیر بکرێت لەنهۆمی زەمینی یان ژێر زەمینی یان لەیەکێك لەنهۆمەکان بەمەرجێك بەرزی لە (٩) مەتر زیاتر نەبێت و لەڕووی تەکنیکیەوە گونجاو بێت و ژووری بۆ دروست کرابێت ، وەبتوانرێ لەڕووی شەقامی سەرەکیەوە بەئاسانی و بەبێ ئاستەنگ کاری لەسەر بکرێت.

**دووەم:** ئەو هاوبەشەی کە بە (400 kV ,132kV) ( وزەی کارەبای بۆ دابین دەکرێت کەلە بڕگەکانی (و ، ز)ی خاڵی یەکەمی ماددەی ٢) دا هاتووە یان ئەو هاوبەشەی کە وێستگەی ناوەندی گۆڕینی ڤۆڵتیەی (33 kV) پێویستە پابەند بکرێت بەدانانی وێستگەی ناوەندی لە سەر رووبەرێکی زەمینی گونجاو لە ناو سیاجی پرۆژەکە بەمەرجی پابەندبوونیان بە مواسەفات و رێنمایی یەکانی وەزارەتی کارەبا.

وەپێویستە وێنەیەك لە کلیلی ژووری ئەو وێستگە ناوەندیە یان گۆڕەرە بدرێت بەفەرمانگەی کارەبای پەیوەندیدار بۆ ئەوەی کارمەندانی بتوانن لەکاتی پێویست بەکاری بێنن .

**ماددەی ( ٥ ):-**

نابێت زیاتر لەیەك سەرچاوەی وزەی كارەبا بە یەك شوێن بدرێت (جگە لەحاڵەتی زۆر تایبەت بە ڕەزامەندی وەزیر بەشێوەیەك كەمەترسی نەبێت بۆ سەر ژیانی هاولاتیان).

**ماددەی ( ٦ ):-**

هەر كاتێك هاوبەش پێویستی بە بەكارهێنانی موەلیدەی كارەبا هەبوو، پێویستە مەرجەكانی خۆپاراستنی پیشەیی پەیڕەو بكات ، لە ڕێگەی دانانی بۆردێك بۆ جیاكردنەوەی وزەی كارەبای نیشتیمانی لە كارەبای موەلیدە (change over) یان (Contactor) بە مەبەستی تێكەڵاو نەبوونی ئەم دوو سەرچاوە وزەیە و پاراستنی سەلامەتی گیانی كارمەندان، ئەگەر لە ئەنجامی پەیڕەونەكردنی ئەم ڕێنماییە هەر زیانێك بەر كارمەندانی فەرمانگەكە بكەوێت، ئەوە هاوبەشەكە لە ڕووی یاساییەوە بەرپرس دەبێت.

**ماددەی ( ٧ ):-**

پێویستە هاوبەش جۆرو بەكارهێنانی كارەباكەی لە پۆلێكەوە بۆ پۆلێكی تر بەڕەزامەندی فەرمانگەی پەیوەندیدار بێت , بە پێچەوانەوە وەكو سەرپێچی كار مامەڵە لەگەڵ هاوبەش دەكرێت.

**ماددەی ( ٨ ):-**

بۆ گەیاندنی وزەی كارەبا و كردنەوەی هاوبەش بۆ هەر ماڵێك لە گوندەكان ، پێویستە پشتگیری یەكەی كارگێڕی هەبێت كە ماڵەكە لە ناو سنووری دانیشتوانی گوندە ( حەرەمی گوند ) ، بەمەش تێچووی ڕاكێشانی هێڵی كارەباكە دەكەوێتە ئەستۆی فەرمانگە بە ڕەچاوكردنی مەرجە تەكنیكیەكانی هاتوو لە ماددەی سێ بەمەرجێك وزەی كارەباكە تەنها بۆ پۆلی ماڵ بەكار بێت بەڵام ئەگەر شوێنی هاوبەشەكە بكەوێتە دەرەوەی حەرەمی گوند ئەوە بەپێی ماددەی (١١) مامەڵەی لەگەڵ دەكرێت.

**ماددەی ( ٩ ):-**

لە سنوری شارەوانی فەرمانگە تۆڕی وزەی كارەبا بۆ ئەو شوێنانە دادەنرێت كە نەخشەكەی لەماستەر پلان یان لەنەخشەی شارەوانی پەیوەندیدار پەسەند كرابێت.

**ماددەی ( ١٠ ):-**

پێویستە ئەو شوێنانەی تۆڕی وزەی كارەبایان بۆ دادەنرێت لە سنووری شارەوانی (گەڕەكە تازەكان) لە پلانی فەرمانگە دانرابن و لە ٢٥% ی بیناكانی تەواو بووبێت یاخود دەست بە دروستكردنی كرابێت، هەروەها پێویستە ڕێڕەوی شەقام و كۆڵانەكان دیاری كرابێت و زەویەكە هەموار كرابێت (تەسویەی ترابی ).

**ماددەی ( ١١ ):-**

هاوبەش یان خاوەن پرۆژە سەرجەم خەرجیەكانی راكێشانی هێڵی كارەبا دەگرێتە ئەستۆ (كەلوپەل + كرێی كار ) بۆ پرۆژەكان ، هەوایی بێت یان ژێر زەوی كە لەپلان یان لە پلانی دەستەی وەبەرهێنان دانەنرابێت و ئەو خەرجیانە ناگەڕێتەوە، خاوەنداریەتی تۆڕەكە بۆ هاوبەشانی(كشتوكاڵی ، پیشەسازی ، بازرگانی) جگە لە گۆڕەر و پێوەلكاوەكانی دەگەڕێتەوە بۆ فەرمانگە و دەتوانێت كەڵكی لێ وەربگرێت بۆفراوانكردنی لەئایندە وە بۆ هاوبەشانی (میری و نیشتەجێبوون) خاوەنداریەتی سەرجەم تۆڕەكە دەگەڕێتەوە بۆ فەرمانگە.

**ماددەی ( ١٢ ):-**

ئەگەر هاوبەشێکی نوێ داواکاری ڕاکێشانی هێڵی وزەی کارەبای تایبەتی پێشکەش کرد لەسەر تۆڕی وزەی کارەبای هاوبەشێکی کۆنی تایبەت ئەوە دەبێت لە گوژمەی تێچووی پرۆژەکە بەشداربێت لەوبەشەی تۆڕەکە کەهەردوو هاوبەشەکە لێی سوودمەند دەبن بەڵام دوای پێنج ساڵ لە دامەزراندنی هێڵە کۆنەکە ئەم مەرجەی سەرەوە پەیڕەو ناکرێت ، بەڵام ئەگەر فەرمانگە پێویست بوو سود لەم هێڵە وەربگرێت بۆ بەرژەوەندی گشتی ئەوە ئەو مەرجە نایگرێتەوە و دەتوانی بەکاری بێنێ بێ بەرامبەر.

**ماددەی ( ١٣ ):-**

مەرجەکانی پێدانی زیاتر لەیەك هاوبەشی کارەبا:

١- دوو نهۆم: یان دوو خانوو یان زیاتر لەسەر پارچە زەویەك:

أ- دابڕاوبن لەیەکتر

ب- دەرگاو قادرمەی تایبەتی لەدیوی دەرەوە هەبێت

ج- بەڵگەنامەی باجی خانووبەرە پێشکەش بکات

٢- باڵەخانەی بازرگانی ونیشتەجێبوون: پێویستە بەڵگەنامەی باجی خانو و بەرە و لەگەڵ (گرێبەست یان مۆڵەتی پیشە) پێشکەش بکات وەهەروەها سندوقی بازباڕو بۆردی دابەشکردنی سەرەکی و بۆردی پێوەرەکان دابین بکات.

**ماددەی ( ١٤ ):-**

پێویستە فەرمانگە بە بەردەوامی وزەی کارەبا بدات بە هاوبەشان، جگە لەو کاتانەی کە وزەی کارەبا دەبڕێت، بەهۆی گیروگرفتی تەکنیکی یا هەر بارودۆخێکی نائاسایی و ناجێگیرەوە، یا بە هۆی فراوانکردن و چاکسازی لە تۆڕی وزەی کارەبا یان نەبوونی سەرچاوەی بەرهەمهێنان یان  قورسی باری فیدەر و گۆڕەر و وێستگە، فەرمانگە بەرپرس نییە لە هەر زیانێکی ماددی یا مەعنەوی لە ئەنجامی ئەو بڕینانەی سەرەوە.

**ماددەی ( ١٥ ):-**

هاوبەش بەرپرس دەبێت لە سەلامەتی و باش بەکارهێنانی ئەو ئامێرو کەرەستانەی کە فەرمانگە بۆ شوێنی هاوبەشەکە دابینی دەکات ، وە هەر زیانێك بەم ئامێرو کەرەستانە بگات لە ئەنجامی خراپ بەکارهێنان یان ونبوون (جگە لە کۆن بوونی ئەم ئامێر و کەرەستانە) قەرەبووی زیانەکان لەئەستۆی هاوبەش دەبێت و لێی وەردەگیرێت پێش گەڕاندنەوەی وزەی کارەبایەکەی بەپێی ئەو هاوکێشەیەی کە لە ماددەی (١٦) دا هاتووە.

**ماددەی ( ١٦ ):-**

پارەی قەرەبووی زیان پێگەیاندن لە تۆڕی وزەی کارەبا بەم شێوەیە وەردەگیرێت:

( گوژمەی تێچوونی دروستکردن یا کڕین  +  گوژمەی خەرجی چاککردنەوەی زیانەکە)×١,٢، لەئەنجامی ئەو زیانانەی لە پێکهاتەکانی تۆڕی وزەی کارەبا دەکەوێت.

**ماددەی ( ١٧ ):-**

کارمەندانی کارەبا بۆیان هەیە هەرکات پێویست بکات بچنە ناو وێستگەو شوێنەکان، بە تایبەتی بە مەبەستی خوێندنەوەی پێوەر یان بەدواداچوونی سەرپێچی و ئاگاداربوون لە ئامێرەکان (کە موڵکی فەرمانگەیە) وە پێویستە کارمەند باج یان ناسنامەی تایبەت بە فەرمانگەی کارەبای هەڵگرتبێت و( لەڕووی دەرەوەی جلوبەرگەکەی هەڵواسرابێت)، بە مەبەستی ناسین و ئاشکرابوونی کەسایەتی.

**ماددەی ( ١٨ ):-**

فەرمانگە پارەی تێچووی چاککردنەوەی ئەو ئامێرانە دەگرێتە ئەستۆ کە بە کرێی داون بە هاوبەشەکانی پێش دەرچوونی ئەم رێنماییە، بەڵام لە دوای گۆڕەرو سێرکت برێکەرەوە دەکەوێتە سەر هاوبەش (ئەگەر فەرمانگە چاکسازی ئەنجامدا بۆ ئەو ئامێرانەی هاوبەش خۆی دایناون).

**ماددەی ( ١٩ ):-**

ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە تۆڕی وزەی کارەبای هاوبەش لەسەر داواکاری خۆی بەم شێوەیەی خوارەوە جێبەجێ دەکرێت:

١- ئەگەر هەر گۆڕانکاریەك یان زیادکردنێك لە تۆڕی وزەی کارەبای هاوبەش ئەنجامدرا لەسەر داواکاری خۆی وەك گۆڕینی شوێنی ستوون و (H-Pole) ی گۆڕەرەکان یان هەر گۆڕانکارییەکی تر ئەوە خەرجی ئەم کارە لە ئەستۆی هاوبەشەکە خۆی دەبێت بەپێی خشتەی ژمارە (١)ی پاشکۆی ژمارە یەك، بەڵام ئەگەر رێگریە زیادەڕۆییەکە یان گۆڕانکارییەکە بە هۆی فەرمانگەوە بێت، کە تۆڕی کارەبای لە موڵکی هاوبەشەکە دانابوو بەبێ رەزامەندی فەرمیان ئەوە سەرجەم خەرجیەکان دەکەوێتە ئەستۆی فەرمانگە یان دەکەوێتە ئەستۆی شارەوانی ئەگەر تۆڕەکە بە ئاگاداری و ڕەزامەندی شارەوانی دانرابوو یان فەرمانگەی کشتوکاڵی.

٢- نابێت هیچ گۆڕانکاریەك لە تۆڕی سەر زەوی و ژێر زەوی و تۆڕەکانی رووناکی بکرێت، جگە لەو داواکارییانەی کە لە لایەن شارەوانییەوە پێشکەش دەکرێت یان پشتگیری دەکرێت (گۆڕانکاری لە شەقام و گۆڕەپان و شوێنە گشتیەکاندا) ئەوە سەرجەم خەرجیەکان لەئەستۆی ئەو لایەنە دەبێت کە داوای گۆڕانکاری دەکات بەپێی خشتەی ژمارە(١)ی پاشکۆی ژمارە(١).

٣- ئەگەر هاوبەش داوای گۆڕینی شوێنی پێوەری کرد دوای پەسەندکردن لەلایەن فەرمانگە، ئەوە کارەکەی بۆ ئەنجام دەدرێت بەرامبەر بە نرخێك کە لە خشتەی ژمارە (١) ئاماژەی پێدراوە.

**ماددەی ( ٢٠ ):-**

کاتێك هاوبەش نیازی بڕینی وزەی کارەباکەی هەبوو، پێویستە بەلای کەمەوە پێش (٣) سێ ڕۆژ فەرمانگە ئاگادار بکاتەوە جگە لە هۆکاری کتوپڕ (بە هۆی رووخانی بینا یاخود ئاگرکەوتنەوەو لافاو .. هتد) وە سەرجەم خەرجی بڕین و گەڕاندنەوەی وزەی کارەباکە لە ئەستۆی هاوبەش (داواکار) دەبێت، بەپێی نرخی دیاریکراو لە خشتەی ژمارە (١) ی پاشکۆی ژمارە یەك بەڕەچاوکردنی ئەم مەرجانەی خوارەوە:-

١- بڕین و گەڕاندنەوەی وزەی کارەبا بەپێی رێککارە یاساییەکان بە مەبەستی نۆژەنکردنەوە.

٢- بڕین و گەڕاندنەوەی وزەی کارەبا بە هۆی رووخاندن و دروستکردنەوەی بینا، لەو کاتەدا پێوەرەکەی لیٚ دەکرێتەوە و پاکتاوی ژمێریاری بۆ دەکرێت.

٣- بڕینی کارەبای ڤۆلتییەی نزم و ناوەند و بەرز لەم حاڵەتەدا گوژمەی کرێی دیاریکراوی سنوورداری لێوەردەگیرێت لەسەر بڕینی وزەی کارەبا لە هەرگۆڕەرێك بە پێی بڕگەکانی خشتەی ژمارە (١) ی پاشکۆی ژمارە یەك.

٤- لایەنێکی حکومی (کەخاوەنی شوێنەکەیە) داوای بڕینی وزەی کارەبا بکات بە هەر هۆیەك کە پەیوەندی بەکاری شوێنەکەوە هەبێت ، ئەوە دوای پاکتاوی ژمێریاری هاوبەشەکە وزەی کارەبای دەبڕدرێت.

٥- ئەگەر شارەوانی داوای بڕینی وزەی کارەبای شوێنێك بکات کە هاوبەشەکە سەرپێچی هەبێت لە مەرجەکانی (ماستەر پلانی شار) ئەوە بڕینەکە بە هەماهەنگی لەگەڵ پارێزگا و یەکە کارگێڕییەکان جێبەجیٚ دەکرێت.

٦- هاوبەش بۆی هەیە لە هەر کاتێك دا داوای هەڵوەشانەوەی هاوبەشیەکەی بکات بەمەرجێك پاکتاوی هەموو قەرزەکانی پێشوو بکات.

**ماددەی ( ٢١ ):-**

فەرمانگە بۆی هەیە کارەبای هاوبەش ببڕێت لەکاتی سەرپێچیدا بە ئاگادارکردنەوەی یان بیٚ ئاگادارکردنەوەی لەکاتێك کە سەرپێچی ( یەکێك یا زیاتر) لەم سەرپێچیانەی لای خوارەوە ئەنجام بدات بەمەش وزەی کارەباکەی بۆ ناگەڕێندرێتەوە تا سەرپێچیەکە لانەبرێت یان کەم وکوڕیەکان تەواو نەکرێت لەگەڵ پاراستنی سەرجەم مافەکانی فەرمانگە کە لەئەنجامی ئەم کارە دێتە کایەوە وەك وەرگرتنی پارە بە پێی جۆری سەرپێچیەکە کە لە خشتەی ژمارە(١)ی پاشکۆی ژمارە یەك دا هاتووە.

وە ئەم ڕێکارانە نابنە بەربەست لەبەردەم سزای تر کە ڕێنمایی کارپێکراوەکان دەیسەپێنن.

جۆرەکانی سەرپێچی بۆ بڕینی وزەی کارەبا:

١- هاوبەش دەستکاری پێوەر یان هێڵی کارەبا یان هەر سەرپێچیەك لەسەر دامەزراوەی کارەبای موڵکی فەرمانگە بکات.

٢- هاوبەش بەشێوەیەك وزەی کارەبا بەکار بێنێت کە زیان بە تۆڕی کارەبای ناوچەکە بگەیەنێت ، وەك بەکارهێنانی باری زیادە و ئیشپێکردنی ئامێری پیشەسازی ڕێپێنەدراو.

٣- هاوبەش ڕێگربێت لە جێبەجێکردنی کارە پێویست و فەرمیەکانی فەرمانگە.

٤- هاوبەش بە بیٚ رەزامەندی فەرمی فەرمانگە وزەی کارەبا بدات بە شوێنی دیکە.

٥- هاوبەش کەم وکوڕی هەبێت لە دامەزراندنی سیستەمی بەستنی تۆڕی کارەبا بەجۆرێك کاریگەری خراپی هەبێت لە سەر دامەزراوەکانی تۆڕی وزەی کارەبا.

٦- پێوەری هاوبەش بۆ سیٚ خولی خوێندنەوەی یەك لە دوای یەك نەخوێندرێتەوە بە هۆی لە ماڵ نەبوون یا ڕێگە پێنەدان بەخوێندنەوەی پێوەر.

٧- بڕیاری دادگا دەرچوویێت و پلەی کۆتایی وەرگرتبێت و کرابێت بە بڕیارێکی جێبەجێکراو.

٨- کاتێك فەرمانگە بیەوێت وزەی کارەبا بدات بە هاوبەشێکی نوێ لەسەر گۆڕەری هاوبەشێکی کۆن کە بەکرێی گرتووە لەفەرمانگە وە هاوبەشە کۆنەکە ڕازی نەبێت.

٩- ئەگەر هاوبەش کاری چاندنی دار و درەخت یان کاری بیناسازی ئەنجام بدات کە زیان بە هێڵەکان و تۆڕەکانی وزەی کارەبا بگەیێنێت وە دوای ئاگادارکردنەوەی لەلایەن فەرمانگەوە ڕازی نەبێت بە لابردنیان ، لەم کاتەدا فەرمانگە دەتوانێت وزەی کارەبای هاوبەش ببڕێت وە ئەگەر هاوبەش بەفەرمی داوای گەڕاندنەوەی وزەی کارەباکەی کرد دوای لابردنی سەرپێچییەکان و پێدانی گشت خەرجیەکان ئینجا وزەی کارەباکەی بۆ دەگەرێندرێتەوە.

١٠- دامەزراوە یا بینای هاوبەش بەسەرپێچی دروست کرابێت لەسەر موڵکی خەڵك بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی خاوەنەکەی و تۆڕی کارەبای بەشێوەی نایاسایی ڕاکێشابێت.

١١- لەکاتی سوتانی پێوەری هاوبەش و ئاگادارنەکردنەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکانی وەزارەت لە ماوەی زیاتر لە دە (١٠) ڕۆژ دا لەلایەن هاوبەشەوە.

**ماددەی ( ٢٢ ):-**

لەکاتی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ گەیاندنی وزەی کارەبا بۆ هەر شوێنێك ، پشت دەبەسترێت بەو بەڵگەنامانەی کە لە بڕگەکانی پاشکۆی ژمارە(١) ئاماژەی پێدراوە بەرەچاوکردنی پۆلی بەکارهێنان .

**ماددەی ( ٢٣ ):-**

فەرمانگە پسوولەی وزەی کارەبا بەسەر هاوبەشاندا دابەش دەکات بەشێوەی خول وە هەر خولێك لە ٦٠ ڕۆژ تێپەڕ نەکات ، پێویستە لە ماوەی(١٠) ڕۆژ پارەی پسولەکە بدرێت ، ئەگەر هاوبەشەکە لەو ماوەیەدا پارەکەی نەدا ئەوە لە پسولەی داهاتوو وەك قەرز دەنووسرێت و ئەگەر بۆ جاری سێیەم پارەکەی نەدا کارەباکەی دەبڕیت و بەپێی بڕگەی (٣) لە خشتەی ژمارە (١) مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

**ماددەی ( ٢٤ ):-**

کاتێك پسولەی بڕی بەکارهاتووی وزەی کارەبا نەگاتە هاوبەش بۆ سێ خولی خوێندنەوەی یەك لە دوای یەك ، پێویستە هاوبەش سەردانی فەرمانگەی پەیوەندیدار بکات و بە نووسین فەرمانگە ئاگادار بکاتەوەو پێویستە قەرزەکە بداتەوە وەئەگەر دوای سێ خولی خوێندنەوە هاوبەش سەردانی فەرمانگەی نەکرد ئەوە فەرمانگە کارەبای هاوبەش دەبڕێت وە دەبێ قەرزەکە بەیەکجار بداتەوەو. لێپێچینەوە لەگەڵ کارمەندی کەمتەر خەم بکرێت سەبارەت بەم بابەتە.

**ماددەی ( ٢٥ ):-**

ئەگەرگومان دروست بوو لە لای فەرمانگە یان لەلای هاوبەش کە پسولەی بەکارهێنانی وزەی کارەباکەی تەواو نییە پێویستە داواکاری پێشکەش بە فەرمانگەی پەیوەندیدار بکات بە مەبەستی لێکۆڵینەوە و چارەسەرکردن بەپەیڕەوکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

**یەکەم:** لەلایەن لیژنەی کاروباری وزەی بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار بەراوردی خوێندنەوەی تازەترین تۆمارکراوی هاوبەش کەلەبەشی سێیەمی پسولە (کەعب)ی هێنراوە لەلایەن ژمێرکارەوە لەگەڵ تۆمارکراوی سەر پسولە دەکرێت و وردبینی ئەژمارکردنی کرێی کارەبا دەکرێت وئەگەر هەڵە هەبوو ئەوە پێویستە راستکردنەوەی هەڵەی پسوڵەی کارەبا ئەنجام بدرێت و پسولەی نوێ بۆ هاوبەشەکە چاپ بکرێتەوە و کرێیە راستکراوەکە دەکەوێتە ئەستۆی هاوبەش بەڵام ئەگەر هەڵەی تێدانەبوو ئەوە خاڵی (دووەم) ئەنجام دەدرێت

**دووەم:** لەلایەن لیژنەی کاروباری وزەی بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار سەردانی هاوبەش دەکرێت و بەراوردی خوێندنەوەی تۆمارکراوی سەر پسولەکە و خوێندنەوەی پێوەرەکە دەکرێت و تۆڕینی (بینین) ی پێوەرو دەوروبەری دەکرێت بۆ دڵنیابوون لەنەبوونی سەرپێچی لەسەر پێوەرو تۆڕەکە، وە لیستی ئامێرەکان و تواناکانیان دەکرێت و ئەگەر دەرکەوت خوێندنەوەی پێوەرەکە بەهەڵە ئەنجام دراوە لەلایەن ژمێرکارەوەو هیچ جۆرە سەرپێچیەك نیەو خوێندنەوەی پێوەر بەبەراورد لەگەڵ لیستی ئامێرەکان پەسەندە ئەوە پێویستە راستکردنەوەی هەڵەی پسولەی کارەبا بکرێت و کرێیە راستکراوەکە دەکەوێتە ئەستۆی هاوبەش ، ئەگەر هاوبەشەکە پارەی دابوو پێش دەرچوونی پسولە نوێیەکەی لەم کاتەدا ئەو پارەیەی داویەتی دەچێتە سەر حیسابەکەی واتا (فەرمانگە قەرزاری هاوبەش دەبێت)، وەئەگەر دەرکەوت کەسەرپێچی کراوە ئەوە وەکو سەرپێچیکار مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت بەپێی ماددەی (٢٦) .

**سێیەم:** ئەگەر فەرمانگە بۆی دەرکەوت پسولەکە تەواوە ، پێویستە هاوبەش پارەکە بدات، ئەگەر هەر بڕوای بە ڕاستی پسولەکە نەبوو، ئەوە دەتوانێت داوای پشکنینی پێوەرەکەی بکات و پارەی پشکنینەکە دەبێت پێشەکی بدات بەپێی نرخی دیاریکراو لەخشتەی ژمارە (٣).

**چوارەم:** ئەگەر لە ئەنجامی پشکنین دەرکەوت پێوەرەکە بە رێکی کار دەکات پێویستە هاوبەش ئەو پارەیە بدات کە لە پسولەکەدا هاتووە، بەڵام ئەگەر هاوبەش هەر بڕوای نەبوو بەئەنجامی پشکنینەکە ئەوە پێوەرێکی نوێ دەبەسترێت لەگەڵ پێوەرە کۆنەکەو بەراوردی خوێندنەوەی هەردوو پێوەر دەکرێت لەماوەی خولێکی خوێندنەوە، ئەگەر دەرکەوت پێوەر بەدروستی کار دەکات ئەوە ئەنجامەکە یەکلاکەرەوە دەبێت و پێویستە هاوبەش پارەی پسولەکە و سەرجەم خەرجیەکانی ئەم کارە بدات.

**پێنجەم:** ئەگەر لە ئەنجامی پشکنین دەرکەوت پێوەرەکە بە دروستی کارناکات هەڵە لە خوێندنەوەی دا هەیە یان وەستاوە ئەوا پێویستە راستکردنەوەی هەڵەی پسولەی کارەبا بکرێت و کارەبای خەرجکراو بۆ ئەو ماوەیەی کە پێوەرەکە تێکچووە تا بەستانی پێوەری نوێ ئەژمار دەکرێت بە گوێرەی تێکرای کارەبای بەکارهاتووی هاوبەشەکە پێش تێکچوونی پێوەرەکە بۆ هەمان ماوەی ساڵی پێشوو، ئەگەر خوێندنەوەی پێش تێکچوونی نەبوو ئەوا پێوەرێکی نوێی بۆ دادەنرێت و بەگوێرەی تێکرای کارەبای خەرج کراو بۆ هەمان ماوەو کاتی کە پێوەرەکە تێك چووبوو بڕی کارەبا خەرجکراوەکە ئەژمار دەکرێت وکرێیە راستکراوەکە دەکەوێتە ئەستۆی هاوبەش و پێوەرەکە چاك دەکرێتەوە یان پێوەرێکی نوێ لەلایەن هاوبەشەوە دابین دەکرێت و دەبەسترێت.

**ماددەی ( ٢٦ ):-**

**ئەگەر پێوەر سووتا بوو بەم شێوەی خوارەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت:**

**١- ئەگەر هاوبەش لەماوەی کەمتر لە دە (١٠) رۆژ لەبەرواری روودانی سووتانی پێوەرەکە ئاگاداری فەرمانگەی فرۆشیاری وزەی پەیوەندیداری کردبووەوە ئەوە کاری گۆڕینی پێوەری بۆ بکرێت لەگەڵ ئەژمارکردنی ماوەی خوێندنەوەی پێشووتری پێوەر تا کاتی گۆڕینی پێوەر بۆ ئەو ماوەیە خەملاندنی خەرجکردنی وزەی ئامێرەکانی بۆ بکرێت هەروەکو لە پاشکۆی ژمارە (٢) دا هاتووە وەبەراورد بکرێت بەهەمان کاتی ساڵی رابردوو کەمتر نەبێت.**

**٢- ئەگەر هاوبەش لەکاتی سووتانی پێوەر بەهەر هۆیەك ئاگاداری فەرمانگەکانی پەیوەندیداری وەزارەت نەکردەوە زیاتر لەو ماوەیەی کە لەخاڵی یەکەم داهاتووە ئەوە وەك سەرپێچی ئەژمار دەکرێت.**

**٣- ئەگەر دەرکەوت پاش پشکنین و تاقیکردنەوە هەڵە لە خوێندنەوەی پێوەر هەیە ئەوە کرێی یەکەی کارەبای بەکارهاتوو بۆ ئەو ماوەیە بەپێی خەملاندنی خەرجکردنی ئامێرەکان بۆی ئەژمار دەکرێت بەمەرجێك ئەو کرێیە لە خوێندنەوەی پێوەر بۆ هەمان ماوەی ساڵی رابردوو کەمتر نەبێت.**

**ماددەی ( ٢٧ ):-**

**ئەگەر بەسەرپێچی کارەبا راکێشرابوو (بێ کردنەوەی هاوبەش یان بێ پێوەر یان لەژێر پێوەر یان دەستکاری پێوەر یان سێرکت برێکەر یان مۆری پێوەرکرابوو ئەوە بڕی وزەی کارەبای بەکارهاتوو پاکتاو دەکرێت بەم شێوەیە**

**١- ماوەی وەستانی پێوەرەکە بۆ دوو ساڵی پێشوو دادەنرێت بۆ ئەژمارکردنی بڕی کارەبای خەرجکراو.**

**٢- بڕی وزەی کارەبای بەکارهاتوو بەگوێرەی ئامێرو کەرەستە کارەباییەکانی هاوبەش دیاری دەکرێت لەکاتی ڕوودانی دەستکاری و یاریکردن بەپێوەر بەپێی پاشکۆی ژمارە (٢).**

**٣-جگە لە پارەی پاکتاوکراوی برگەی (یەکەم) ی سەرەوە، پارەی زیان لێکەوتنی پێوەر و سێرکت برێکەریشی لێ وەردەگیرێت، ئەگەر دەرکەوت دەستکاری تیادا کراوە، ئەوە پێبژاردنی (غرامە)ی لێ وەردەگیرێت بەپێی برگەی (١١) لە خشتەی ژمارە (١).**

**ماددەی ( ٢٨ ):-**

**پارەی کرێی یەکەی بەکارهاتوو وەردەگیرێت بەپێی دواهەمین نرخی کرێی وزەی کارەبای پەسەندکراو.**

**ماددەی ( ٢٩ ):-**

**پێویستە کەلوپەل وکەرەستەو ئامێرە کارەباییەکان کە لەلایەن وەزارەت و کەسان و لایەنی دەرەوەی وەزارەت بەکار دەهێنرێن بەپێی مواسەفات و ستاندەری وەزارەت بێت، پێویستە لێژنەی وەرگرتن و هەڵسەنگاندنی کەل وپەل ئەو کەلوپەلانە پەسەند بکات کە لەتۆڕەکانی وزەی کارەبادا بەکار دەهێنرێن.**

**ماددەی ( ٣٠ ):-**

**لەکاتی ئاشکرابوونی هەر سەرپێچیەك لەسەر تۆڕی کارەبا لەلایەن هاوبەشەوە، ئەوە مافی لایەنی پەیوەندیدارە لە وەزارەتی کارەبا کەکارەباکەی ببڕێت و دەست بگرێت بەسەر سەرجەم ئەو کەلوپەلانەی بەکارهاتووە بۆ سەرپێچیەکە، وەتۆمارکردنی داوای یاسایی لەسەر سەرپێچیکاران لەدادگای تایبەتمەند وە ئەگەر پێویست بوو داواکاری قەرەبوو بکرێت لەو زیانانەی کەلە ئەنجامی ئەو سەرپێچیە کەوتۆتەوە.**

## بەشی سێیەم
## ڕێنمایی پێدانی وزەی کارەبا / ڤۆڵتیەی نزم

**ماددەی ( ٣١ ):-**

هاوبەشی پڕۆژەی تایبەت سەرجەم خەرجییەکان دەگرێتە ئەستۆی خۆی بۆگەیاندنی هێڵی کارەبای نوێ لەو ناوچانەی کە پێشتر وزەی کارەبای دراوەتێ بەمەرجێك درێژی هێڵەکە لە (٧٠٠) مەتر تێپەڕ نەکات لە گۆڕەرە وە یان بەڕەچاوکردنی ڕێژەی دابەزینی ڤۆڵتیە بۆ هەر جیابوونەوەیەك و بە ڕەچاوکردنی باری گۆڕەر بەمەرجێك درێژی کێبڵی هاوبەش لە (٣٠) مەتر زیاتر نەبێت و پێویستە هاوبەش بۆردی پێوەر لەو سنوورە دابنێت.

**ماددەی ( ٣٢ ):-**

کاتێك خاوەن شوێنێك داوای گەیاندنی وزەی کارەبا دەکات و شوێنەکەی لە (٧٠٠) مەتر دوورترە لە گۆڕەرەکەوە، پێوستە تۆڕی (33kv) یان (11kv) دابنرێت، هەروەها دانانی گۆڕەرێکی دیکە لە ناوەندی لۆدە نوێیەکە، بەمەبەستی پێدانی وزەی کارەبا فەرمانگە نۆڕینی شوێنەکە و ڕێکخستنی نەخشە و دەرخستەی تایبەت ئەنجام دەدات بە مەبەستی گەیاندنی وزەی کارەبا، لەگەڵ ڕەچاوکردنی لۆدە تازەکان کە نابێت لە توانای دیاریکراوی گورەڕەکە یان سەرچاوەی وزە کارەباییەکە زیاتربێت، وە نابێت دابەزینی ڤۆلتییە لە سنووری ڕێپێدراو زیاتربێت کە دیاریکراوە لە بڕگەکانی (١ ، ٢ ، ٣ ) لە ماددەی دووەم. لەکاتی دابەزینی ڤۆلتییە لەبڕی ڕێپێدراو و زیادبوونی توانای دیاریکراوی سەرچاوەکە یا گۆڕەرەکە ئەوە پرۆسەی گەیاندنی وزەی کارەبا بۆ ئەو شوێنە دوادەخرێت، تاکاتی دابینکردنی سەرچاوەی گونجاو یان گۆڕەر، ئەنجامدانی نۆڕین بەرامبەر نرخێك دەبێت کە لە بڕگەی (١)ی خشتەی ژمارە(١)دا هاتووە.

**ماددەی ( ٣٣ ):-**

کاتێك لایەنێك داوا لە فەرمانگە دەکات بە دامەزراندنی تۆڕێکی نوێی کارەبا تێچووی گشت کارەکە (کەرەستە + کرێی کار) لە ئەستۆی سوودمەند دەبێت بەپێی دەرخستەو هەژمارکردنی سەرجەم تێچووەکانی تایبەت بەم کارە لەلایەن فەرمانگە بەڕەچاوکردنی ئەو نرخانەی کە بەشێوەی دەوری لەوەزارەتەوە دەردەچێت.

**ماددەی ( ٣٤ ):-**

خەرجی کڕینی پێوەر و کێبڵ و سێرکێت بریکەر و پێوەلکاوەکانی لە ئەستۆی هاوبەش دەبێت لەگەڵ سێرکتی سنووردارکردنی وزە بەپێی ڕێنماییەکانی فەرمانگە.

**ماددەی ( ٣٥ ):-**

ڕێو شوێنی بەکارهێنانی مۆتۆر:

١- نابێت ئەو مۆتۆرانەی تواناکانیان لە (2.25kW) زیاترە بەکاربێت لە سەرچاوەی سینگل فەیس واتە (240V) ، بەڵکو پێویستە سەرچاوەی وزەوی سێ فەیس و ڤۆلتییەی (416V) بەکار بێت.

٢- نابێت وزەی دەستپێکی ئیشپێکردنی مۆتۆر (starting current) لەم بڕانەی خوارەوە زیاتر بێت:

أ- پێویست ناکات تەزووی دەستپێکی ئیشپێکردنی مۆتۆر (starting current) سنووردار بکرێت بۆ ئەو مۆتۆرەی کە توانای لە(3kW) کەمترە .

ب- (۲× وزەی کارکردن بۆ ئەو مۆتۆرانەی تواناییان لە ۳ تا ۱۰ کیلۆ واتە).

ج- (۱,۵× وزەی کارکردن بۆ ئەو مۆتۆرانەی تواناییان لە ۱۰ تا ۲۰ کیلۆ واتە).

د- (۱,٤× وزەی کارکردن بۆ ئەو مۆتۆرانەی تواناییان لە ۲۰ کیلۆ وات زیاترە).

۳- بەکارهێنانی ئامێرەکانی دەستپێك و پارێزگاری خۆیی بۆ ئەو مۆتۆرانەی کە تواناییان لە (kW۲,۲۵) زیاترە، بۆ بەدەست هێنانی ئەو تەوژمانەی کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێدراوە یان بەکارهێنانی هەر بریتێکی (بدیل ) دیکە.

**ماددەی ( ۳٦ ):-**

ئەگەر هاوکۆلکەی توانا (Power Factor) ی ئامێرەکانی هاوبەشەکە کەمتر بێت لەو ئاستەی فەرمانگە دیاری کردووە (۰,۹)، پێویستە فەرمانگە ئامێری پێویست بۆ بەرزکردنەوەی هاوکۆلکەی توانا بۆ ئاستی پێویست دابین بکات و نرخی هەموو ئامێرو کرێی کار لە هاوبەش وەربگیرێت جگە لە پۆلی ماڵان (ئەوانەی گۆڕەری تایبەتیان نییە). یان لەلایەن سوودمەندەوە دابین بکرێت بەپێی مواسەفاتی ڕێپێدراوی وەزارەت.

## بەشی چوارەم

## ڕێنمایی پێدانی وزەی کارەبا / ڤۆڵتییەی ناوەند وبەرز

**ماددەی ( ۳۷ ):-**

تێچووی ڕاکێشانی وزەی کارەبا و وێستگەی مۆبایل و کویسك و گۆڕەرو سووربڕ (سێرکت بریکەر ) و پێوەر بۆ هاوبەشی بازرگانی و پیشەسازی و کشتوکاڵی و حکوومی و گەشتوگوزاری لە ئەستۆی سوودمەند دەبێت.

**ماددەی ( ۳۸ ):-**

هاوبەش بەرپرسە لە جێبەجێکردن و بەستنی تۆڕی کارەبای ناوخۆ تا سێرکت بریکەری ڤۆلتییەی نزمی گۆڕەر، پێویستە هاوبەش سێرکت بریکەری ڤۆلتییەی نزم دابین بکات کە لەڕووی تەکنیکیەوە گونجاو بێت و دادەمەزرێت دوای نۆڕین بەرامبەر بە بڕێك پارە کە پێشەکی وەردەگیرێت بە پێی خشتەی ژمارە(۱)، پێویستە هاوبەش سێرکت بریکەر لە دەرەوەی ژووری وێستگە ناوەندییەکە دابمەزرێنێت، بە دووریەکی گونجاو کە لە (۱۵م) زیاتر نەبێت، هەروەها دانانی ئامێری پارێزگاری لە سەر هەر سێ فەیسەکە بە مەبەستی ڕێگاگرتن لە لۆدی زیاد و شۆرت ( short circuit ) کە توانای بەرگری هەبێت تا (۱۲۰٪)ی لۆدی ئاسایی.

**ماددەی ( ۳۹ ):-**

هەر کاتێك پێویست بوو ئامێری زیاد دابنرێت بۆتۆڕەکە بۆ بەرژەوەندی گشتی وەك زیادکردنی (سووربڕ یان کێبڵی نوێ )، بڕی تێچووی ئەو ئامێرانەو کرێی بەستنەکە لە هاوبەش وەرناگیرێت، بەڵام ئەگەر زیادکردنی ئەو کەرەستانە لەسەر داواکاریی هاوبەش بوو ئەوە پارەی تێچوو و کرێی بەستنەکەی لێ وەردەگیرێت دوای ڕەزامەندی فەرمانگە.

**ماددەی ( ٤٠ ):-**

ئەگەر باڵەخانەی نیشتەجێبوون دروست بکرێت لە لایەن میری یان کەرتی تایبەت و بدرێت بە هاوبەشان ، ئەوە سەرجەم خەرجی گەیاندنی وزەی کارەبا (کەرەستە + کرێی کار) لە چوارچێوەی پرۆژەکەدا دەکەوێتە ئەستۆی ئەو لایەنەی کە باڵەخانەکە دروست دەکات یان خاوەنداریەتی دەکات.

**ماددەی ( ٤١ ):-**

ئەگەر زیاتر لە سێ هاوبەش لە یەك بینا (دامەزراوە) بوون ، پێویستە خاوەنی موڵکەکە (مالك العقار) سەرجەم ئامێرەکانی پاڵەپەستۆی نزم دابین بکات ، هەروەها دابینکردنی (سێرکت برێکەر و بازبارو بۆردی دابەشکردنی سەرەکی)، پێویستە بۆردی پێوەرەکان لە دەروازەی بیناکە بێ ، بەڵام ئەگەر نەتوانرا پێوەرەکان لە سەرەتای چوونە ژوورەوەی بیناکە دابنرێت ، ئەوە پێویستە بۆردی دابەشکردن دابین بکات بۆسەرجەم نهۆمەکانی بیناکە بەپێی مواسەفاتی تایبەت کە فەرمانگە دیاری دەکات ئەمەش بەپێی ڕێنماییەکان دەبێت.

**ماددەی ( ٤٢ ):-**

ئەوشوێن و بینایانەی کە سیستەمی ساردی وگەرمی ناوەندی (مەرکەزی) و ئەسانسێر و (مصعد) وپەمپی ئاویان هەبێت ، مەرجە بۆردی دابەشکردنی سەربەخۆ دابنرێت بۆ ئەو ئامێرانە، بەمەبەستی دانانی پێوەری سەربەخۆ، یەکەی بەکارهاتوو لەو پێوەرانەدا وەك پۆلی پیشەسازی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

**ماددەی ( ٤٣ ):-**

ئەگەر پۆلی هاوبەشیی شوێنێك گۆڕدرا، دووبارە پۆلێنی هاوبەشی بۆ دەکرێتەوە بەپێی ئەم ڕێنماییە وگشت خەرجیەکان لەئەستۆی هاوبەش (خاوەن شوێن) دەبێت و هاوبەش بەرپرس دەبێت لەئاگادارکردنەوەی لایەنی پەیوەندیدار لە وەزارەت.

**ماددەی ( ٤٤ ):-**

پێویستە هاوبەش (خاوەن شوێن) ئاگاداری فەرمانگە بکاتەوە لە کاتی گۆڕینی خاوەنداریتی پێکهاتەکە (المرفق) لە یەکێك بۆ یەکێکی دیکە یان لەکاتی گۆڕینی پۆلی هاوبەشیەکە راستەوخۆ دوای جێبەجێ کردنی گواستنەوە یا گۆڕینەکە بەپێچەوانەوە خاوەنی نوێی بیناکە لە هەموو کارێکی یاسایی بەرپرس دەبێت.

**ماددەی ( ٤٥ ):-**

لەکاتی بەکارهێنانی بەشێك لە باڵەخانەیەکی کەرتی تایبەت لەلایەن فەرمانگەیەکی میرییەوە، پێویستە ئەو بەشەی کە فەرمانگەکەی تێدایە هاوبەشیەکەی جیا بکرێتەوە و وەك پۆلی میری مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، واتە جیاکردنەوەی ئەو بەشە لە هاوبەشەکانی دیکەی باڵەخانەکە.

**ماددەی ( ٤٦ ):-**

سەبارەت بەو باڵاخانانەی چەند فەرمانگەیەکی میری تێدایە و ناکرێت تۆڕی کارەباکەی جیابکرێتەوە ، کرێیەکە لەلایەن خاوەن باڵەخانەکە دابین دەکرێت و ئەویش لەگەڵ هاوبەشەکان پاکتاوی دەکات بەپێی پۆلی میری .

**ماددەی ( ٤٧ ):-**

ئەگەر هاوکۆلکەی توانا( **Power Factor** )ی ئامێرەکانی هاوبەشەکە کەمتر بێت لەو ئاستەی فەرمانگە دیاری کردووە بە (٠,٩)، پێویستە فەرمانگە ئامێری پێویست بۆ بەرزکردنەوەی هاوکۆلکەی توانا بۆ ئاستی پێویست دابین بکات، نرخی هەموو ئامێر و کرێی کار لە ئەستۆی هاوبەش دەبێت.

**ماددەی ( ٤٨ ):-**

ئەگەر فەرمانگە هاوبەشی نوێی لەسەر گۆڕەرێك دانا کە پێشتر بەکرێ درابوو بە هاوبەشێکی تر ئەوە بڕی بەکرێگرتنی ئامێرەکان دابەشی سەر هاوبەشەکان دەکرێت بەیەکسانی ، بەڵام ئەگەر ژمارەی هاوبەشەکانی سەر گۆڕەڕەکە لە (٣) هاوبەش یان زیاتر بوو ئەوە کرێ وەرناگیرێت و ئەو ئامێرانە بە بەرژەوەندی گشتی ئەژمار دەکرێن .

**ماددەی ( ٤٩ ):-**

١- پرۆژەکانی دەستەی وەبەرهێنان بە پێی یاساو رێنمایەکانی پێدانی وزەی کارەبا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.

٢- گوژمەی تێچووی گەیاندنی وزەی کارەبا بۆ پرۆژەکانی نیشتەجێبوونی (مساطحة) و (موڵك) لەئەستۆی خاوەن پرۆژە دەبێت

٣- گوژمەی تێچووی گەیاندنی وزەی کارەبا بۆ پرۆژەکانی ( بازرگانی پیشەسازی، کشتوکاڵی) لەئەستۆی خاوەن پرۆژە دەبێت.

٤- کۆمەڵگا نیشتەجێبونەکانی وەبەرهێنان یان (مساطحة) یان (موڵك) چاکردنەوەی تۆڕی کارەبای ناوخۆی کۆمەڵگاکە دەکەوێتە ئەستۆی فەرمانگەی کارەبا لەوکاتەوە کەدیاری کراوە بەگوێرەی گرێبەستی نێوان خاوەن خانووەکان و وەبەرهێنەر یان خاوەن موڵك یان مساطحة یاخود بەگوێرەی گرێبەستی نێوان وەبەرهێنان و وەبەرهێنەر.

## بەشی پێنجەم

## رێنمایی پێدانی وزەی کارەبا بە شێوەی کاتی

دوای پێشکەشکردنی داواکاری بە بەڵگەنامەی باوەڕ پێکراو بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

**ماددەی ( ٥٠ ):-**

بۆ جێگە و دامەزراوە کاتییەکان :

١- پێشکەشکردنی فۆرمی داواکاریی پێدانی وزەی کارەبا، کە نووسراوی پشتگیری و رەزامەندیی لایەنی پەیوەندیداری هاوپێچ بێت.

٢- دابینکردنی جێگەی گونجاو بۆ پێوەرو سێرکت بریکەر، لە شوێنێك کە فەرمانگە دیاری دەکات بەرەچاوکردنی مەرجی سەلامەتی و خۆپاراستنی پیشەیی و مەرجی تەکنیکی.

٣- لە کاتی دانان ولابردنی کارەبای هاوبەشی کاتی سەرجەم خەرجی کەرەستە و کرێی کار دەکەوێتە ئەستۆی هاوبەشەکە.

**ماددەی ( ٥١ ):-**

**پێدانی وزەی کارەبای کاتی بە بیناو دامەزراوە لەقۆناغی جێبەجێکردن:**

وزەی کارەبا بە فۆڵتییەی نزم و ناوەند بە شێوەی کاتی دەدرێت بەو پڕۆژانەی کە لە قۆناغی جێبەجێکردندان لەکاتی پێویست وە بەڕەزامەندی فەرمانگە بە ڕەچاوکردنی ئەم خالآنەی خوارەوە :

١- پێشکەشکردنی فۆرمی تایبەت بە پێدانی وزەی کارەبا کە مۆڵەتی بیناکە یان ڕێپێدانی فەرمی هەبێت.

٢- لەلایەن فەرمانگەوە نۆڕینی بۆ دەکرێت، بەمەبەستی ئاگاداربوون لە بەردەوامی هەبوونی وزەی کارەبای کاتی لە شوێنەکە، کات و بەرواری نۆڕین لەلایەن فەرمانگەوە دیاری دەکرێت و ئەژمارکردنی یەکەی بەکارهاتوو وزەی کارەباکەی لەسەر بنچینەی هاوبەشی لە جۆری ڤۆڵتییەی نزمەوە بەپێی پۆلی هاوبەشیەکەی دەبێت

٣- هاوبەشەکە سەرجەم خەرجی تێچووی (کەرەستەو کرێی کار) لەکاتی گەیاندنی تەزووی کارەبای کاتی و لابردنی بۆ پڕۆژەکەی لەئەستۆ دەبێت.

٤- نرخەکانی کرێی وزەی کارەبای بەکارهاتوو دیاریکراو دەبێت بە پێی ئامێری دانراو لە پڕۆژەکە بۆ ئەو ماوەیەی کە هاوبەشەکە داوای دەکات بە مەرجێك لە شەش مانگ زیاتر نەبێت وەتوانای نوێکردنەوەی هەبێت بۆ یەك جار بەهەمان ماوە وە لە کاتی پێویستی بە وزەی کارەبا هەبێت وە دەبێت کرێ ی کارەبای پێشەکی بدات بەڵام ئەگەر لە (١٢) دوانزە مانگ زیاتر بێت مەرجە رەزامەندی وەزیر وەربگیرێت.

## بەشی شەشەم

### ڕێکارە گشتییەکان ( الاحكام العامة )

**ماددەی ( ٥٢ ):-**

هاوبەش بۆی هەیە داواکاریەك پێشکەش بکات بەمەبەستی خوێندنەوەی پێوەرەکەی لەدوای دەوامی فەرمی بەرامبەر بە کرێیەکی دیاریکراو بۆ هەر خوێندنەوەیەك، وەك لەخشتەی ژمارە (١) ی هاوپێچ.

**ماددەی ( ٥٣ ):-**

کارەبا نادرێت بەوانەی سەرپێچیان کردۆتە سەر زەوی میری تەنها دوای چارەسەری کێشەی سەرپێچی یەکە بەپێی نووسراوێکی فەرمی لە لایەن شارەوانی یان یەکە ئیداریی یە تایبەتیەکە کە پشتگیریان دەکەن بە پێدانی تەزووی کارەبا.

**ماددەی ( ٥٤ ):-**

هێلی کارەبا سنووری ئاسۆیی (المحرمات الافقية) هەیە و کەمترین ڕێپێدانی نزیکبونەوە لێی (سماحات دنيا) هەیە بە پێی ڤۆڵتیەی هێڵەکە وە لەسەر هاوڵاتیان پێویستە رەچاوی ئەم سنوورە (محرمات)ە بکەن بەپێی هاتوو لە خشتەی ژمارە(٤) ی هاوپێچ لەم رێنماییە، بەپێچەوانەوە فەرمانگە هیچ بەرپرسیارەتیەك لەئەستۆ ناگرێت. لەکاتی بەزاندنی ئەم سنوورانە لەلایەن هاوڵاتیانەوە و هیچ مافێکیان نیە داوای قەرەبوو بکەنەوە لەو زەرەرو زیانە مادی و مرۆییەی کە پێیان دەگات بەپێچەوانەوە وەزارەت بۆی هەیە داوای یاساییان لەسەر تۆمار بکات و داوای قەرەبووی زیانەکان بکات.

**ماددەی ( ٥٥ ):-**

پێدانی كارەبا شەرعیەت نادات بە پڕۆژە یان موڵك وە تەنها لەپێناو ڕێگرتن لە زیادە ڕەوی و دزینی كارەبا و بەفیڕۆچونی كارەبا دەبێت.

**ماددەی ( ٥٦ ):-**

سەبارەت بە ڕووداوەكانی ئاگركەوتنەوە لە ماڵان وشوێنە بازرگانی یەكان لێپرسراویەتی فەرمانگەی كارەبا تا ئاستی پێوەری كارەبایە و لێكۆڵینەوە لە ڕووداوەكە دەكرێت لە ڕێگای لێژنەیەكی تایبەتمەند بۆ دیاریكردنی هۆكارەكانی ئاگركەوتنەوە.

**ماددەی ( ٥٧ ):-**

نرخەكانی كەل و پەلی تۆڕی كارەبا دەنرخێنرێن بەپێی ئەو نرخانەی كە لە لایەن وەزارەتی كارەباوە دەردەكرێت.

**ماددەی ( ٥٨ ):-**

تەزووی كارەبا دەبڕدرێت لەسەر ئەوانەی كە سەرپێچی لە ڕێنماییەكانی باش بەكارهێنانی تەزووی كارەبا دەكەن كە وەزارەت دیاری دەكات بۆ ماوەی سێ ڕۆژ سەرباری وەرگرتنی كرێی بڕین و گەڕانەوەو زیانەكانی كە بەر تۆڕەكە دەكەوێت

**ماددەی ( ٥٩ ):-**

ئەم ڕێنماییانە جێبەجێ دەكرێت لە هەرێمی كوردستان لەدوای (١٠) ڕۆژ لە ڕۆژی بڵاوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی كوردستان) وەكار بەهیچ ڕێنماییەكی تر ناكرێت كە ناكۆك بێت لەگەڵ ئەم ڕێنمایانە.

**د.ئاشتی هەورامی**

**وەزیری كارەبا بە ( وەكالەت )**

**پاشكۆی ژمارە ( ١ )**

**یەكەم:** هاوبەشانی ماڵان و بازرگانی لە ناو سنووری شارەوانییەكان بە فۆڵتییەی نزم.

١- پێشكەش كردنی ئەم بەڵگەنامانەی خوارەوە:

أ- پێشكەشكردنی فۆرمی پێدانی وزەی كارەبا.

ب- نووسراوی پشتگیری لە باجی خانووبەرە كە ژمارەی پارچە زەویەكە لەسەر دیاری كرابێت یان نووسراوی پشتگیری شارەوانی دیاریكراو لەگەڵ مۆڵەتی دروستكردنی بینا وە پێشكەشكردنی نەخشەی بینا كە تیایدا شوێنی پێوەرو گۆڕەر دیاری كرابێت.

ج- پسوولەی كارەبای پێكهاتەیەكی دراوسێی (ئەگەر هەبوو)

٢- پێدانی پارەی كرێی نۆڕین بە پێی بڕگەی(١)ی خشتەی ژمارە(١).

٣- نۆڕین لە لایەن فەرمانگە بۆ دیاریکردنی ژمارەی بلۆك و ژمارەی ئەژمار(رقم الحساب ) وە پێویستییەکانی گەیاندنی وزەی کارەبا.

٤- دانی کرێی بەستن وپێداویستیەکانی جێبەجێکردنی گەیاندنی وزەی کارەبا.

٥- تەواوکردنی گەیاندن و پێدانی وزەی کارەبا.

**دووەم:** هاوبەشانی مالآن و بازرگانی دەرەوەی سنووری شارەوانی بە ڤۆلتیەی (11KV, 0.4 KV):

١ - پێشکەش کردنی ئەم بەڵگەنامانەی خوارەوە:

أ- پێشکەشکردنی فۆرمی پێدانی وزەی کارەبا.

ب- نوسراوێکی پشتگیری لە سەرۆکی یەکەی کارگێڕی ( الوحدة الادارية ) ناوچەکە.

٢- جێبەجێکردنی بڕگەکانی (٣ ، ٤ ، ٥) لەخاڵی (یەکەم)ی پاشکۆی ژمارە (١).

**سێیەم:** پەمپی کشتوکاڵی (ڤۆلتییەی نزم):

١ - پێشکەش کردنی ئەم بەڵگەنامانەی خوارەوە:

أ- پێشکەشکردنی فۆرمی پێدانی وزەی کارەبا.

ب- پێشکەشکردنی مۆڵەتی لایەنی پەیوەندیدار (وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لەگەڵ پێشکەش کردنی مۆڵەتی فەرمانگەی ئاوی ژێر زەوی).

ج- بەڵێننامە بدات بە نەگۆرینی پەمپی کشتوکاڵی بە دانەیەکی تری توانای گەورەتر تەنها دوای ئاگادارکردنەوەی فەرمانگەو وەرگرتنی رەزامەندی نووسراو لە لایەنە پەیوەندیدارەکان.

٢- جێبەجێکردنی بڕگەکانی (٣ ، ٤ ، ٥) تایبەت بە پەمپی کشتوکاڵی لەخاڵی (١)ی پاشکۆی ژمارە (١).

٣- دانانی پێوەری پاڵەپەستۆ نزم و پێدانی کارەبا.

**چوارەم:** وەرشەکانی کار لەناوەوە یان لە دەرەوەی سنووری شارەوانی بە فۆلتییەی نزم:

پێشکەش کردنی ئەم بەڵگەنامانەی خوارەوە:

١- فۆڕمی پێدانی وزەی کارەبا.

٢- مۆڵەتی بینای کارپێکرا و رەزامەندی فەرمانگە پەیوەندیدارەکان لە سنووری شارەوانییەکان و ە نوسراوی رەزامەندی لایەنی یەکەی کارگێڕی بۆ دەرەوەی سنووری شارەوانییەکان وە پێشکەشکردنی نەخشەی بینا کە تیایدا شوێنی پێوەرو گۆڕەر دیاری کرابێت.

٣- پسوولەی کارەبای پێکهاتەیەکی دراوسێی (ئەگەر هەبوو).

٤- ئەنجامدانی نۆڕینی لایەنی تەکنیکی بۆ دیاری کردنی پێویستییەکانی گەیاندنی کارەبا.

٥- دانی کرێی نۆڕین بە پێی خشتەی ژمارە (١).

٦- خەمڵاندنی پێداویستیەکانی گەیاندنی وزەی کارەبا لەلایەن فەرمانگەوە.

٧- دانی کرێی بەستن و جێبەجێکردنی کارەکە.

٨- بەستنی پێوەرو گەیاندنی وزەی کارەبا.

**پێنجەم**: پەمپی کشتوکاڵی ڤۆڵتییەی ناوەند و بەرز (الجهد المتوسط والعالي).

١- پێشکەش کردنی ئەم بەڵگەنامانەی خوارەوە:

أ- فۆرمی پێدانی وزەی کارەبا.

ب- مۆڵەتی پەمپی کشتوکاڵی رەزامەندی فەرمانگەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو.

٢- دامەزراندنی وێستگەی دابەشکردن (محطة التوزيع).

٣- دانانی پێوەرو گەیاندنی تەزوی کارەبا.

٤- بڕگەکانی تر هەروەکو لە سێیەم سەرەوە کە تایبەتە بە پەمپی کشتوکاڵی.

**شەشەم**: کارگەکان بەهەموو جۆرەکانیەوە لە سنووری شارەوانی (ڤۆڵتییەی بەرز و نزم):

١- پێشکەش کردنی ئەم بەڵگەنامانەی خوارەوە:

أ- فۆڕمی پێدانی وزەی کارەبا.

ب- مۆڵەتی بینای کارگەکە لەگەڵ رەزامەندی بەرێوەبەرایەتی گشتی پەرەپێدانی پیشەسازی یان دەستەی وەبەرهێنان لەگەڵ فەرمانگەی ژینگەی پەیوەندیدار و نەخشەی پەسەندکراو کەتیایدا شوێنی گۆرەر و پێوەر دیاریکراو.

٢- بڕگەکانی تر هەروەك لە پێنجەم سەرەوەدا هاتووە

**حەوتەم**: کارگەکان بەسەرجەم جۆرەکانیەوە لە دەرەوەی سنووری شارەوانی (ڤۆڵتییەی نزم وناوەند و بەرز):

١- پێشکەش کردنی ئەم بەڵگەنامانەی خوارەوە:

أ- فۆڕمی پێدانی وزەی کارەبا.

ب- مۆڵەتی بینای کارگەکە لەگەڵ رەزامەندی بەرێوەبەرایەتی گشتی پەرەپێدانی پیشەسازی یان دەستەی وەبەرهێنان لەگەڵ فەرمانگەی ژینگەی پەیوەندیدار و نەخشەی پەسەندکراو کەتیایدا شوێنی گۆرەر و پێوەر دیاریکراو.

٢- بڕگەکانی تر هەروەك لە پێنجەم سەرەوەدا هاتووە

٣- نووسراوی فەرمی لە لایەنی یەکەی کارگێڕی ناوچەکە.

٤- بڕگەکانی تریش وەك لەشەشەم سەرەوەدا هاتووە.

**هەشتەم**: گەشت و گوزار

١- پێشکەش کردنی ئەم بەڵگەنامانەی خوارەوە:

أ- فۆرمی پێدانی وزەی کارەبا.

ب- پشتگیری فەرمی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی گەشت و گوزاری ناوچەکە.

ج- پێشکەش کردنی مۆڵەتی کارکردن لە لایەن لایەنە پەیوەندیدارەکان.

٢- بڕگەکانی تری هاتوو لەیەکەم.

## پاشکۆی ژمارە (٢)

بۆخەملاندنی وزەی کارەبای بەکارهاتووی هاوبەش لە کاتی هەبوونی سەرپێچی یان لەکاتی پێویستی فەرمانگە بەم خەملاندنە ئەوە خەملاندنەکە بەپێی ئامێرە کارەباییە بەکارهاتووەکانی هاوبەش دەبێت بەمەرجێك بەبەراوردکردن لەگەڵ خەرجی وزەی کارەبای هەمان ماوەی ساڵی رابردوو کەمتر نەبێت بەم شێوەیەی خوارەوە.

**یەکەم:** ئامێرەکانی بەکارهاتوو لەماڵان:

١- روناکی: نیوەی ژمارەی گڵۆپەکان ×١٠ کاتژمێر ×٣٠ وات بۆ رۆژێك (رۆژانە).

٢- ساردکەرەوە (سلاجە و هاوشێوەی): (٢٠٠ وات بەتێکرای ٧ کاتژمێر رۆژانە .

٣- بەفرگر(مجمدە) : (٣٥٠ وات بەتێکرای ٧ کاتژمێر رۆژانە .

٤- تەلەفزیون: (٢٠٠ وات بەتێکرای ١٠ کاتژمێر رۆژانە .

٥- کۆمپیوتەر: (١٠٠ وات بەتێکرای ٦ کاتژمێر رۆژانە .

٦- جل شۆر کە گەرمکەری تێدا بێت: (٢٥٠٠ وات بەتێکرای ١ کاتژمێر رۆژانە .

٧- جل شۆر بەبێ گەرمکەر: (٢٠٠ وات بەتێکرای ١ کاتژمێر رۆژانە .

٨- ئوتو: (١٠٠٠ وات بەتێکرای ١ کاتژمێر رۆژانە .

٩- پانکە: (١٠٠ وات بەتێکرای ٨ کاتژمێر و بۆ ماوەی ٥ مانگ لە ساڵەکەدا.

١٠- ١فێنککەرەوە (مبردە ) بچووك: (٢٠٠ وات بەتێکرای ٨ کاتژمێر و بۆ ماوەی ٥ مانگ .

١١- فێنککەرەوە (مبردە ) گەورە: (٣٠٠ وات بەتێکرای ٨ کاتژمێر و بۆ ماوەی ٥ مانگ .

١٢- سەتەلایت: (٦٠ وات بەتێکرای ١٠ کاتژمێر رۆژانە .

١٣- سپلیت ٤ تەن : (٤٥٠٠ وات بەتێکرای ٦کاتژمێر بۆ ماوەی ٧ مانگ.

١٤- سپلیت و ئێرکۆندیشن ٢ تەن : (٣٠٠٠ وات بەتێکرای ٦ کاتژمێر و بۆ ماوەی ٧ مانگ

١٥- ئێرکۆندیشن ١,٥ تەن : (٢٠٠٠ وات بەتێکرای ٦ کاتژمێر و بۆ ماوەی ٧ مانگ.

١٦- بۆیلەری گەورەی ئاو: (٣٠٠٠ وات بەتێکرای ٨ کاتژمێر رۆژانە و بۆ ماوەی ٦ مانگ .

١٧- بۆیلەری بچووکی ئاو : (٢٠٠٠ وات بەتێکرای ٨ کاتژمێر و بۆ ماوەی ٦ مانگ.

١٨- گەرمکەرەوە (مدفاعة) گەورە : (٢٠٠٠ وات بەتێکرای ١٢ کاتژمێر و بۆ ماوەی ٤ مانگ .

١٩- گەرمکەرەوە (مدفاعة) بچووك : (١٠٠٠ وات بەتێکرای ١٢ کاتژمێر و بۆ ماوەی ٤مانگ.

٢٠- ئەو ئامێرە کارەباییانەی ناویان نەهاتووە: ماوەی کارکردن و پارەکەی بەتێکرای کاتژمێری کارکردنی دیاری دەکرێت و دەخەملێنرێت لەلایەن لیژنەی تایبەت.

**دووەم:** ئەو پێوەرانەی دانراون بۆ پۆلەکانی تر جگە لەماڵان بڕی وزەی کارەبای بەکارهاتوو دیاری دەکرێت، لە لایەن فەرمانگەی تەکنیکی پەیوەندیدار لە بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی وزەی کارەبا بەپێی خشتەی خەملاندنی باری ئامێرەکان کە لەیەکەم سەرەوەدا هاتووە، وەدەربارەی ئەو ئامێرانەی کەلەخشتەکەدانین خەملاندنەکە بەم جۆرە دەبێت: تواناکەی*١٢(کاتژمێر)* ٠,٧٥

**سێیەم:** بۆ ئەو هاوبەشانەی گۆڕەری تایبەت بەخۆیان هەیە (بۆ گشت پۆڵەکان) بڕی کارەبای بەکارهاتوویان بەشێوەیە دەخەملێنرێت:

تواناکەی*٠,٧٥*کات (کاتژمێر) بەلەبەر چاوگرتنی کاتی کارکردنی شوێنەکە کات دیاری دەکرێت بەمەرجێك کاتەکە لە ١٢ کاتژمێر کەمتر نەبێت لە رۆژێکدا.

**پاشکۆی ژمارە (٣)**

ڕێنمایی جێبەجێکردنی پرۆژەکانی وزەی کارەبا لەلایەن وەزارەتەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم.

١- هەر پرۆژەیەك لەلایەن هەر وەزارەتێك یان لایەنێکی دیکە داوا بکرێت، دەبێت بودجەی گەیاندنی وزەی کارەبای پرۆژەکە لەلایەن سوودمەند دابین بکرێت ، ئەم بودجەیەش بەپێی دەرخستەیەك دەبێت کە لە لایەن فەرمانگەی وزەی کارەبای پەیوەندیدارەوە ئامادە دەکرێت بەپێی دوانرخی هەمووارکراوی وەزارەت.

٢- هەموو ئەو پرۆژانەی لەلایەن وەزارەتەکانی دیکەو لایەنەکانی تری نەبەستراو بە وەزارەت ئەنجام دەدرێن و پێویستیان بە گەیاندنی وزەی کارەبا یان خزمەتگوزارییەکی دیکەی کارەبا هەبێت وەك (هەڵگرتنەوەی ستوون ، گۆڕینی ڕیڕەوی هێڵ یان فیدەر ، گۆڕانکاری بەمەبەستی نوێکردنەوە ، رووناکی ، هتد . . ) سەرجەم بودجەی کارەکە لەگەڵ بودجەی گشتی پرۆژەکە لەئەستۆی سوودمەند دەبێت وەکەرەستە کۆنەکان دەبێتە موڵکی فەرمانگەی کارەبای پەیوەندیدار.

٣- نابێت هیچ لایەنێك بەبێ رەزامەندی وەزارەتی کارەبا هیچ پرۆژەیەکی کارەبایی لەسەر تۆڕی کارەبا جێبەجێ بکات بە پێچەوانەوە بە پێی یاسا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

٤- کاری چاککردن و ئیشپێکرنی کارە کارەباییەکانی پرۆژەکانی ئەنجامدراو بەپێی ئەم خاڵانەی سەرەوە دەکەوێتە ئەستۆی وەزارەت بەپێی جۆری گرێبەستەکە.

**پاشکۆی ژمارە (٤)**

پێناسەی (پۆل)ە کانی هاوبەشەکان بەپێی چالاکیەکانیان

**یەکەم:** پۆلی ماڵان.

ئەو هاوبەشانە دەگرێتەوە کە وزەی کارەبا بەکاردەهێنن و نیشتەجێی ماڵانن لەم جۆرە پێکهاتانەدا:

١-خانوی نیشتەجێبون لەشار و شارۆچکە و گوندەکان.

٢-باڵەخانەکانی نیشتەجێبوون.

٣-کابینەکان.

نرخی وزەی کارەبا بۆ ئەو جۆرە بینایانەی سەرەوە بەم جۆرە دەبێت:

١- ئەو بینایانەی کەپێوەری (سینگل فەیس) و (سێ فەیس)یان هەیە، ئەوە بەپێی ئاستەکانی بەکارهێنانی وزەی کارەبا دەبێت کە بۆ هەر ئاستێك نرخ دیاریکراون.

٢- ئەو بینایانەی کە پێوەریان نیە، نۆڕین ئەنجام دەدرێت بۆ شوێنەکە بەمەبەستی خەمڵاندنی بەکارهێنانی وزە بەپێی ژمارەو جۆری ئامێرە کارەباییەکان کەبەکار دەهێنرێت لەو بینایەدا، تا ئەو کاتەی پێوەری بۆ دادەنرێت.

٣- ئەو کۆمەڵگا نیشتەجێبونانەی کە یەك پێوەریان هەیە، ئەوە بڕی نرخی یەکەی وزەی کارەبای تۆمارکراو لەخاوەن پرۆژەکە وەردەگیرێت بەو سیستەمەی کە وەزارەت پەیڕەوی دەکات.

**پۆلی بازرگانی:**

ئەو هاوبەشانە دەگرێتەوە کەتایبەتن بەبەکارهێنانی وزەی کارەبا بۆ بواری بازرگانی کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی بەپێی سروشتی چالاکییەکە، وەك لەخوارەوە هاتووە:

١- نوسینگەی بازرگانییەکانی تاك و کۆ.

٢- چێشتخانە و چایخانە و نانەواخانە وشوێنی فرۆشتنی ساردەمەنی و شیرینی و هاوشێوەکانیان لەشوێنە گشتییەکان.

٣- کۆمەڵە و سەندیکا ناپیشەییەکان.

٤- یاریگا و سینەما و بازاڕ و مۆڵ و نۆرینگە پزیشکیەکان و دەرمانخانەکان.

٥- سایلۆکان و کۆگای ساردکەرەوە (ثلاجات) و کۆگاکانی کەلوپەلە جۆراوجۆرەکان.

٦- نوسینگەکانی خزمەتگوزاری پیشەیی، وەك (نوسینگەکانی خانوبەرە ، پارێزەران , ژمێرکاران ، خزمەتگوزاری ئەندازیاری ، پەڕاوگەکان) ، وە هەروەها نوسینگەی دەرهێنانی سینەمایی و دۆبلاج و هۆڵی شانۆگەری و شوێنی بلیارد و سەرتاشخانە و شوێنی جوانکاری و هاوشێوەکانیان.

٧- بەنزینخانە و گۆڕەپانی فرۆشتنی غاز.

٨- باخچەی ساوایان و قوتابخانە و کۆلێژ و زانکۆ تایبەتەکان و یانەوەرزشییەکان و یانەکانی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و نەخۆشخانە ئەهلییەکان و کەناڵەکانی رادیۆ و تەلەفزیونە ئەهلییەکان.

٩- وەرشەکانی پلاستیکی و ئاسنگەری و ئەلەمنیۆم.

١٠- کۆمپانیاکانی گەیاندن.

١١- وەهەر بەکارهێنەرێکی تری کارەبا کە لە پۆلەکانی تر ئاماژەی بۆ نەکراوە.

**پۆلی پیشەسازی:**

ئەو هاوبەشانە دەگرێتەوە کەتایبەتن بەبەکارهێنانی وزەی کارەبا بۆ بواری پیشەسازی، کەسروشتی کاریان بریتییە لەگۆڕینی مادە لەدۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر بەمەرجێك مۆڵەتی لایەنە پەیوەندیدارەکانی وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی یان دەستەی وەبەرهێنانی هەبێت، وەئەم بەکارهێنانە دەگرێتەوە:

١- پیشەسازی بچوك:

کەبریتیە لە دروستکردنی شیرینی و بەرهەمە شیرییەکان و خواردنەوەکان و کارگەکانی ئارد وئالیك و پیشەسازی خۆراك و چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە و کارگەی ساردەمەنی و قوتوکردن (تعلیب) و هاوشێوەکانیان.

**٢- پیشەسازی دەرهێنان و گۆڕین:**

**وەك پیشەسازی نەوت و خەڵوز و خشت و چیمەنتـۆ و ئاسن و فەرش و جل و بەرگ و پێستەسازی و کەلوپەلی ماڵ و هاوشێـوەکانیان. نرخی ئەم جۆرە هـاوبەشانە پەیوەستە بە ئاستی ڤۆڵـتیەی بەکارهاتوو (400KV, 132KV, 33KV, 11KV , 0.4KV)**

**پۆلی کشتوکاڵ:**

**ئەو هاوبەشانە دەگرێتەوە کەتایبەتن بەبەکارهێنانی وزەی کارەبا بۆ بواری کشتوکاڵ و راوکردن وەك (کێڵگەکان، بێستانەکان، ترومپای کشتوکاڵی، سەنتەرەکانی راو، کێڵگەکانی بەخێوکردنی پەلەوەڕ و ئاژەڵە جیاوازەکان و حەوزی ماسی و شەتلگە) و هاوشێوەی ئەم چالاکییانە بەمەرجێك مۆڵەتی لایەنە پەیوەندیدارەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو هەبێت.**

**پۆلی میری:**

**هاوبەشەکانی دام و دەزگا حکومیەکان دەگرێتەوە کە تایبەتن بەبەکارهێنانی وزەی کارەبا بۆ فەرمانگە میریەکان و بینایەی وەزارەتەکان فەرمانگە نەبەستراوەکان بەوەزارەتەکان و کونسوڵگەرییەکان و بەشە ناوخۆییە میریەکانی قوتابیان و نەخۆشخانە میرییەکان وشوێنەکانی پەرستن، قوتابخانەکان، وەهەروەها سەندیکاو رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی, بارەگای حیزبەکان و دام و دەزگاکانیان کە مۆڵەتی فەرمیان هەیە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان.**

## خشتەکان

### خشتەی ژمارە (١)

**کرێی نۆڕین و بەستانی پێوەر و خزمەتگوزاری پێشکەشکراو بە هاوبەش:**

**١- نرخی کرێی نۆڕین**

| کرێی نۆڕین | |
|---|---|
| **چالاکی** | **کرێ ( دینار )** |
| پۆلی ماڵ و بازرگانی و میری لە سنووری شارەوانییەکان | ٥٠٠٠ |
| پۆلی ماڵ و بازرگانی و میری لە سنووری دەرەوەی شارەوانییەکان | ١٠٠٠٠ |
| پۆلی کشتوکاڵی پ.ن | ٣٠٠٠٠ |
| پۆلی پیشەسازی پ.ن | ٢٠٠٠٠ |
| بۆ هەموو پۆلێك کە پ.ب بێت | ٥٠٠٠٠ |

**٢- نرخی کرێی بەستن**

| کرێی بەستن | |
|---|---|
| **چالاکی** | **کرێ ( دینار )** |
| پۆلی ماڵ و بازرگانی و میری سینگل فەیس | ١٠٠٠٠ |
| پۆلی ماڵ و بازرگانی و میری سێ فەیس. | ٢٠٠٠٠ |
| پۆلی کشتوکاڵی و پیشەسازی ڤۆڵتیەی نزم. | ٢٥٠٠٠ |
| بۆ هەر پۆلێك کە پ.ب.بێت | ٤٠٠٠٠ |

٣- نرخی بڕین یان گەڕاندنەوەی وزەی کارەبا

| کرێی بڕین یان گەڕاندنەوەی وزەی کارەبا | |
|---|---|
| چالاکی | کرێ ( دینار ) |
| پۆلی ماڵ و بازرگانی و میری سینگل فەیس | ٥٠٠٠ |
| پۆلی ماڵ و بازرگانی و میری سێ فەیس. | ٧٥٠٠ |
| پۆلی کشتوکاڵی و پیشەسازی ڤۆڵتیەی نزم. | ١٠٠٠٠ |
| بۆ سەرجەم جۆرەکانی ڤۆڵتیەی بەرز. | ٢٥٠٠٠ |

**تێبینی:** ئەگەر هاوڵاتی ئامادە نەبوو پارەی وزەی کارەبا بدات فەرمانگە لیستی بڕینی وزەی کارەباکەی بۆ دەردەکات بەپێی بڕ و ماوەی نەدانی قەرزەکە. وە دوای دانی ئەم پارەیە لەلایەن هاوبەش ئەوە کرێی بڕین و گەڕاندنەوەی وزەی کارەباکەی لێ وەردەگیرێت بەپێی خاڵی (٣) خشتەی ژمارە(١) ئینجا وزەکەی بۆ دەگەڕێنرێتەوە.

٤- نرخی کرێی گۆڕینی پێوەر(نرخی پێوەر لەسەر هاوبەشە کاتێك فەرمانگە دابینی بکات)

| کرێی گۆڕینی پێوەر | |
|---|---|
| چالاکی | کرێ ( دینار ) |
| پۆلی ماڵ و بازرگانی و میری سینگل فەیس | ٨٠٠٠ |
| پۆلی ماڵ و بازرگانی و میری سێ فەیس. | ١٥٠٠٠ |
| پۆلی کشتوکاڵی و پیشەسازی ڤۆڵتیەی نزم. | ٢٠٠٠٠ |
| بۆ سەرجەم جۆرەکانی ڤۆڵتیەی بەرز. | ٣٠٠٠٠ |

٥- نرخی کرێی گۆڕینی شوێنی پێوەر

| کرێی گۆڕینی شوێنی پێوەر | |
|---|---|
| چالاکی | کرێ ( دینار ) |
| پۆلی ماڵ و بازرگانی و میری سینگل فەیس | ١٠٠٠٠ |
| پۆلی ماڵ و بازرگانی و میری سێ فەیس. | ٢٠٠٠٠ |
| پۆلی کشتوکاڵی و پیشەسازی ڤۆڵتیەی نزم. | ٢٥٠٠٠ |
| بۆ سەرجەم جۆرەکانی ڤۆڵتیەی بەرز. | ٣٥٠٠٠ |

٦- نرخی کرێی مۆرکردنەوەی پێوەر

| کرێی مۆرکردنەوەی پێوەر | |
|---|---|
| چالاکی | کرێ ( دینار ) |
| پۆلی ماڵ و بازرگانی و میری سینگل فەیس | ٥٠٠٠ |
| پۆلی ماڵ و بازرگانی و میری سێ فەیس. | ١٠٠٠٠ |
| پۆلی کشتوکاڵی و پیشەسازی ڤۆڵتیەی نزم. | ١٥٠٠٠ |
| بۆ سەرجەم جۆرەکانی ڤۆڵتیەی بەرز. | ٢٥٠٠٠ |

**تێبینی:** تەنها بۆ مۆری خوارەوە ئەم بڕانەی سەرەوە وەردەگیرێت، بەڵام ئەگەر مۆری سەرەوە بوو پێویستە پێوەرەکە لێبکرێتەوە و لەفەرمانگە نۆڕینی بۆ بکرێت وە بەسەرپێچی دادەنرێت بەپێی ئەم ڕێنماییە .

### ٧- نرخی کرێی گۆڕینی ناوی هاوبەش

| کرێی گۆڕینی ناوی هاوبەش | |
|---|---|
| چالاکی | کرێ ( دینار ) |
| گۆڕینی ناوی هاوبەش | ٥٠٠٠ |

### ٨- نرخی کرێی هێڵ گۆڕین

| کرێی هێڵ گۆڕین | |
|---|---|
| چالاکی | کرێ ( دینار ) |
| پێوەری سینگل فەیس | ١٥٠٠٠ |
| پێوەری سێ فەیس | ٣٠٠٠٠ |
| گۆڕینی ستوون و ( H-Pole ) ی گۆڕەر | بە پێ دوا نرخی هەموارکراوی وەزارەت |
| لەبری کوژانەوەی هێڵی ڤۆلتیەی نزمی گۆڕەر بۆ هەر کاتژمێرێك | ٢٥٠٠٠ |
| لەبری کوژانەوەی هێڵی ڤۆلتیەی بەرز لەسەر هەر گۆڕەرێك بۆ هەرکاتژمێرێك | ٥٠٠٠٠ |

### ٩- نرخی کرێی (زیادە قوە)

| کرێی ( زیادە قوە ) | |
|---|---|
| چالاکی | کرێ ( دینار ) |
| هاوبەشی ماڵ | ١٥٠٠٠ |
| هاوبەشی بازرگانی و میری | ٣٠٠٠٠ |

١٠- نرخی پێوەر: ( نرخی پێوەر بەپێی لیستی هەموارکراوی وەزارەتی کارەبا دادەنرێت ئەگەر پێوەر لەلایەن فەرمانگەوە دابین کرا )

١١- لەکاتی ئەنجامدانی سەرپێچی، سەرپێچیکار بەم شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت:

**یەکەم:** بۆ جاری یەکەم ئەم دوو جۆرە پێ بژاردنە (غرامە)یە لە یەك کاتدا لەسەر پێچیکار وەردەگیرێت:

أ- بەپێی خەملاندنی کارەبای بەکارهاتوو:

| | ماڵان | بازرگانی وگەشت و گوزار | پیشەسازی و کشتوکاڵ و میری |
|---|---|---|---|
| خەملاندنی سەرفیات | خەملاندنی سەرفیات*١,٥ | خەملاندنی سەرفیات*٢ | خەملاندنی سەرفیات*٣ |

ب- پێبژاردنی براوە(غرامة مقطوعة) بە (دینار):

| پێبژاردن | ماڵان | بازرگانی وگەشت و گوزار | پیشەسازی و کشتوکاڵ و میری |
|---|---|---|---|
| سینگل فەیس | ٥٠٠٠٠٠ | ٧٥٠٠٠٠ | |
| سێفەیس | ٧٥٠٠٠٠ | ١٠٠٠٠٠٠ | ١٠٠٠٠٠٠ |
| گۆڕەر | | ١٠٠٠٠*KVA | ١٠٠٠٠*KVA |

**دووەم:** بۆ جاری دووەم دەدرێتە دادگا وەك دزینی موڵکی گشتی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

١٢. بۆ ئامێرەکانی وەك گۆڕەر و ستوون و بۆردی دابەشکردن و بۆردی کۆنترۆڵی رووناکی و کێبڵ بە سەرجەم جۆرەکانیەوە یان هەر کەلوپەلێکی دیکە دەبێت زیانەکەی بخەملێنرێت بە پێی دواین نرخی هەموارکراوی وەزارەت.

١٣- کرێی خوێندنەوەی پێوەر (لەسەر داواکاری هاوبەش)

| گشت پۆلەکان بە ( دینار ) | شوێن |
|---|---|
| ٢٠٠٠٠ | سنووری شارەوانی |
| ٣٠٠٠٠ | دەرەوەی سنووری شارەوانی |

## خشتەی ژمارە ( ٢ )

١- نرخی بەکرێدانی ساڵانەی کەلوپەلی کارەبا بۆ ئەو کەلوپەلانەی پێش ئەم رێنمابیە بە کرێ دراون .

| نرخ( دینار ) | گۆڕەری ٣٣/٠،٤KV, ١١/٠،٤ KV | ژ |
|---|---|---|
| ٧٠٠٠٠ | گۆڕەری ٢٥KVA | ١ |
| ١٤٠٠٠٠ | گۆڕەری ٥٠KVA | ٢ |
| ١٦٠٠٠٠ | گۆڕەری ٦٣KVA | ٣ |
| ٢٠٠٠٠٠ | گۆڕەری ١٠٠KVA | ٤ |
| ٢٥٠٠٠٠ | گۆڕەری ١٦٠KVA | ٥ |
| ٣٠٠٠٠٠ | گۆڕەری ٢٥٠KVA | ٦ |
| ٤٠٠٠٠٠ | گۆڕەری ٤٠٠KVA | ٧ |
| ٥٠٠٠٠٠ | گۆڕەری ٦٣٠KVA | ٨ |
| ٧٠٠٠٠٠ | گۆڕەری ١٠٠٠KVA | ٩ |
| ٩٠٠٠٠٠ | گۆڕەری ١٦٠٠ KVA | ١٠ |

**تێبینی:** ئەگەر گۆڕەرەکە جۆری (کیوسک) بوو ئەوە رێژەی (١٠٪) نرخی کرێکە زیاد دەبێت.

٢- بۆردی سێرکت برێکەر بۆ وزەوی نزم

| نرخ ( دینار ) | قەبارەی سێرکت ( ئەمپێر ) | ژ |
|---|---|---|
| ٢٠٠٠٠ | ١٠٠ | ١ |
| ٣٠٠٠٠ | ٢٥٠ | ٢ |
| ٤٠٠٠٠ | ٤٠٠ | ٣ |
| ٥٠٠٠٠ | ٦٣٠ | ٤ |
| ٧٠٠٠٠ | ١٠٠٠ | ٥ |

٣- وێستگەی مۆبایل (متنقلە)

| نرخ ( دینار ) | وێستگەی مۆبایل ( متنقلە ) | ژ |
|---|---|---|
| ٦،٣٠٠،٠٠٠ | وێستگە بە قەبارەی ١٠ MVA | ١ |
| ٩،٤٥٠،٠٠٠ | وێستگە بە قەبارەی ١٥ MVA | ٢ |
| ١٢،٦٠٠،٠٠٠ | وێستگە بە قەبارەی ٢٥ MVA | ٣ |

**تێبینی :**

١- لە کاتی دانانی گۆڕەری جیاواز کە لە خشتەکەدا ئاماژەی پێنەدراوە وەك ( ئەو گۆڕەرە کە بە هەوا سارد دەکرێتەوە و رۆنی تێدایە و گڕ ناگرێت )، نرخی کرێکەی بەپێی MVA بۆی ئەژمار دەکرێت.

٢- پێدانی سێرکت برێکەری وزەوی نزم لە رێگای فەرمانگەی پەیوەندیدار دەبێت و ئەگەر دەست نەکەوت بەپێی رێنماییەکانی فەرمانگە و سیفاتی تەکنیکی پەیڕەوکراو لە لایەن هاوبەشەکەوە دابین دەکرێت.

## خشتەی ژمارە ( ٣ )

## کرێی پشکنینی(فحص) ئامێرەکانی کارەبا

| ژ | جۆری ئامێری کارەبای | نرخ(دینار) |
|---|---|---|
| ١ | گۆڕەر ( سەرجەم قەبارەکانی ) لە فەرمانگەکە | ١٠٠٠٠٠ |
| ٢ | گۆڕەر ( سەرجەم قەبارەکانی ) لە شوێنی کار | ٢٠٠٠٠٠ |
| ٣ | سێرکت برێکەر بۆ وزەی نزم لە فەرمانگە | ١٠٠٠٠ |
| ٤ | سێرکت برێکەر بۆ وزەی نزم لە شوێنی کار | ٢٥٠٠٠ |
| ٥ | سێرکت برێکەر بۆ وزەی بەرز لە فەرمانگە | ١٠٠٠٠ |
| ٦ | سێرکت برێکەر بۆ وزەی بەرز لە شوێنی کار | ٢٥٠٠٠ |
| ٧ | یەك نموونە ڕۆنی گۆڕەر لە فەرمانگە | ١٠٠٠٠ |
| ٨ | یەك نموونە ڕۆنی گۆڕەر لە شوێنی کار | ٢٥٠٠٠ |
| ٩ | پێوەری ١Ø لە فەرمانگە | ١٥٠٠ |
| ١٠ | پێوەری ١Ø لە شوێنی کارە | ٣٠٠٠ |
| ١١ | پێوەری ٣Ø لە فەرمانگە | ٥٠٠٠ |
| ١٢ | پێوەری ٣Ø لە شوێنی کار | ١٠٠٠٠ |
| ١٣ | پێوەری ٣Ø لەگەڵ نیشاندەری هێزی بەرز لە فەرمانگە | ١٠٠٠٠ |
| ١٤ | پێوەری ٣Ø لەگەڵ نیشاندەری هێزی بەرز لە شوێنی کار | ١٥٠٠٠ |
| ١٥ | C.T لە فەرمانگە | ١٠٠٠٠ |
| ١٦ | C.T لە شوێنی کار | ٢٥٠٠٠ |
| ١٧ | V.T لە فەرمانگە | ١٠٠٠٠ |
| ١٨ | V.Tی لە شوێنی کار | ٢٥٠٠٠ |

## خشتەی ژمارە ( ٤ )

## بڕی کەمترین ڕێپێدانی دووری لەسنووری هێڵی کارەباوە

| جۆری بەربەست | کەمترین ڕێپێدانی کارەبا بە ستوونی ( متر ) | | | | کەمترین ڕێپێدانی کارەبا بە ئاسۆیی ( متر ) | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ١١ ک.ڤ و ٠,٤ ک.ڤ | ٣٣ ک.ڤ | ١٣٢ ک.ڤ | ٤٠٠ ک.ڤ | ١١ ک.ڤ و٠,٤ ک.ڤ | ٣٣ ک.ڤ | ١٣٢ ک.ڤ | ٤٠٠ ک.ڤ |
| ١- زەوی سروشتی | | | | | | | | |
| أ- زەوی چۆڵ | ٦ | ٦ | ٦ | ٨,٢٥ | ١٠ | ٢٥ | ٥٠ | ٥٠ |
| ب-زەوی ئاوەدان | ٧ | ٧ | ٧ | | ١٠ | ١٥ | ٣٠ | ٥٠ |
| ٢- ڕێگا و هێڵی شەمەنەفەر | | | | | | | | |
| أ-ڕێگای سەرەکی | ٨ | ١٠ | ١٠ | ١٠ | | ٦٠ | ٧٥ | ١٠٠ |
| ب-ڕێگای لاوەکی | ٧,٥ | ٨,٥ | ٩,٥ | ١٠ | | ٥٠ | ٥٠ | ١٠٠ |
| ت-هێڵی شەمەنەفەر | ٨ | ١١,٥ | ١١,٥ | ١٥ | | ٥٠ | ٥٠ | ٥٠ |
| ٣- هێڵی کارەبا | | | | | | | | |
| أ-هێڵی ٤٠٠ ک.ڤ. | ٥ | ٥ | ٥ | ٥ | – | ٥٠ | ٥٠ | ٥٠ |
| ب-هێڵی١٣٢ ک.ڤ. | ٣ | ٣ | ٣ | ٥ | – | ٣٠ | ٣٠ | ٥٠ |
| ت-هێڵی٣٣ ک.ڤ. | ٢ | ٢,٥ | ٣ | ٥ | – | ١٥ | ٣٠ | ٥٠ |
| پ-هێڵی ١١ ک.ڤ. | ١,٥ | ٢ | ٣ | ٥ | – | – | | |
| ٤- هێڵی تەلەفون | | | | | | | | |
| ٥- بۆری نەوت | ٧,٥ | ٨ | ٩ | ١٠ | – | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٦- وێستگەکانی بەرهەمە نەوتیەکان | ٧ | ٧ | ٧ | ١٠ | – | ١٥ | ٣٠ | ٧٥ |
| ٧- پەرینەوە لە ئاو و جۆگەل ئاوییەکان بەرزترین ئاستی ئاو<br>أ-کەشتیەوانی<br>ب- نا کەشتیەوانی | ١٢,٥<br>٧ | ١٢,٥<br>٧ | ١٢,٥<br>٧ | ١٤,٧٥<br>٩,٢٥ | –<br>– | –<br>– | –<br>– | –<br>– |
| ٨- باڵەخانەکان | ٣,٥ | ٣,٥ | ٥ | ٦,٧٥ | ١ | ٣,٥ | – | – |
| ٩- دار و درەخت | ٢ | ٢,٥ | ٥ | ٦,٧٥ | – | – | – | – |

## خشتەی ژمارە ( ٥ )

## کرێی کارەبای کار پێکراو لە ئێستادا (خشتەی نرخی کارەبا)

١- جۆری ماڵان

| # | سەرف کردنی لە ماوەی مانگێك kwh | یەکەی سەرف کردن لە مانگێك بە kwh | نرخی کارەبا بە دینار |
|---|---|---|---|
| ١ | ١ - ٤٥٠ | ٤٥٠ | ١٥ |
| ٢ | ٤٥١ - ٩٠٠ | ٤٥٠ | ٢٠ |
| ٣ | ٩٠١ - ١٥٠٠ | ٦٠٠ | ٣٥ |
| ٤ | ١٥٠١ - ٢١٠٠ | ٦٠٠ | ٦٠ |
| ٥ | ٢١٠١ - ٣٠٠٠ | ٩٠٠ | ٧٥ |
| ٦ | ٣٠٠١ - ٥٠٠٠ | ٢٠٠٠ | ١٥٠ |
| ٧ | ٥٠٠١ — بەسەرەوە | ............. | ٢٠٠ |

٢- جۆری بازرگانی (١٣٠) دینار بۆ هەر یەك (kwh) .

٣- جۆری پیشەسازی

| # | سەرف کردنی لە ماوەی مانگێك بەkwh | نرخی کارەبا بە دینار | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | ٠,٤ KV | ١٢٠ | بە پێ ی نوسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژ. ١٣٩٣ لە بەرواری ٢٠١٥\١٢\٢٢ |
| ٢ | ١١ KV | ١٠٠ | |
| ٣ | ٣٣ KV | ١٠٠ | |
| ٤ | ١٣٢ KV | ١٠٠ | |

تێبینی : سەبارەت بە نرخی بەکار هێنانی کارەبا لە پۆلی پیشەسازی بە پێ ی بەکار هێنان ئەو نرخانەی سەرەوە پەیرەو دەکرێت نەوەك بە پێ ی پێدانی ڤۆڵتیە ، واتە ئەگەر بەکار هێنانی پێکهاتە پیشەسازیەکە(0.4KV) ئەوا بە نرخی (١٢٠) دینار دەبێت بۆ هەر (kwh)ێك بێ ڕەچاو کردنی جۆری ڤۆڵتیەی پێدراو بە سەرچاوەی پێدانی کارەبا، بەڵام ئەگەر هاتوو پێکهاتەکە جۆری بەکار هێنانی ڤۆڵتیەی سەروی (0.4KV) هەبوو ئەوا وەك نرخی (11KV) مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت واتە (١٠٠) دینار بۆ هەر (Kwh)ێك وەهەروەها ئەگەر جۆری بەکارهێنانی ڤۆڵتیە لە پێکهاتە پیشەسازیەکە سەروی (11KV) ئەوا وەك نرخی (33KV) کە لە خشتەی سەرەوەدا هاتووە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت وەهەروەها بە هەمان شێوە بۆ ڤۆڵتیەی سەروتر.

٤- جۆری کشتوکاڵی (٣٠) دینار بۆ هەر یەك .

٥- جۆری میری (١٥٠) دینار بۆ هەر یەك (kwh) .